داخوازییە ئێتنیکییەکان لە سەر ڕەوتی دادپەروەری و گەشە

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

هەمەجۆری شوناسیی / ئێتنیکییەکانی ئێرانی هاوچەرخ لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەکانی بە جیهانی بوون هاوکات بوو و گەنگەشەی نێوان ئێتنیکەکانی هێناوەتە کایەوە کە بە مەبەستی نەهێشتنی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان بۆ گەیشتن بە گەشەی کۆمەڵایەتی بە لای شووناسخوازی و دادپەروەرخوازیدا دەشکێتەوە، بابەتێک کە بۆتە بەکگرِاندی ئەم توێژینەوە لە نێوان فارس، تورک، کورد، عەرەب و بەلووچەکانی ئێران. شووناسە کۆمەڵایەتییە ئێرانییەکان لە باڵادەستی توخمەکانی شووناسی فارسی لە سەر بنەماکانی خۆیان ناڕازیین و بارودۆخی سنووردارکراوەی شووناسی مێژوویی ئێرانی بە دادپەروەرانە و لە ئاراستەی گەشەی شووناسە گشتییەکانی نازانن.

ئەم توێژینەوە لە سەر ئاستی 13 پارێزگای ئێران بە شێوازی چۆنایەتی ئاوێتەیی (GT و ئەندازە گرتن) و ئامرازی دیمانەی قوڵ، بەڵگەی کتێبخانەیی و پرسیارنامەی کراوە، داتاکانی لە بوارەکانی «شووناسی ئاینی و شووناسی نەتەوەیی (سازان یان دژایەتی)»، «سنووری کلتووریی نێوان ئێتنیکییەکان»، «لەمپەرەکانی بەر دەم بزووتنەوەی ئێتنیکی و نەتەوەیی»، «سڕینەوەی کلتوورەکان»، «ئاراستەی ئاشتییانە بۆ تێپەڕین لە قەیران»، هەڵێنجاندووە و پۆلێنبەندی کردووە و مۆدێلێکی چەمکیی وەدەست هێناوە کە تێیدا، هۆکارە سەرەکییەکان (ئابووریی و ئایدۆلۆژیایی)، هۆکارە کاریگەرەکان (میدیا و شێوازی ژیان) و هۆکارە بەکگرِاندییەکان (پارامەترە یاسایی، کلتووریی و بەدیبەرێوەبەرایەتییەکان) دیاردەتەوەری (داخوازی دادپەروەری / لێکپسانی کۆمەڵایەتی) بێچمی گرتووە و کردەوەی ستراتیژی (کردەوەی ئاشتییانە، قبوڵ کردنی بارودۆخ و سازانی دەوڵەت و نەتەوە) و لێکەوتەکانی (سەقامگیری و دابەزینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی) خراوەتە ڕوو.

وشە کلیلییەکان: ئێران، شووناسی ئێتنیکی، شووناسی نەتەوەیی ئێرانی، فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، گەشە، دادپەروەری

---

[1]- خەڵکناس و توێژەر
kameel.ahmady@gmail.com; http://kameelahmady.com

پێشەکی و بەراییەکان

ئێران وڵاتێکی فرەشوورناسە و لاوازیی دەوڵەتە هاوچەرخەکانی لە بەدی هێنانی گەشەی کۆمەڵایەتی و دابەزاندنی دادپەروەرانەی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی یەکگرتن یان لێکبڵاوی ئێتنیکیی پەیوەست بە یەکدەستی کۆمەڵایەتی و تەبایی کۆمەڵایەتی گشتیتی ئێرانی زەق کردووەتەوە بابەتێک کە پاش شۆڕشی 1357 هەتاوی، کۆمەڵێ دیو و لایەنی جیاوازی لە ڕابردوو گرتە خۆی و ئاریشەی زۆری خستەوە.

گرژییەکانی نێوان شوورناسە گشتییەکان لە ئێرانی هاوچەرخ لە سەر تەوەری ڕێزگرتن لە هەمەجۆری و جیاوازییە شوورناسییەکاندایە. لە ڕاستیدا لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمی زایینی، پرۆسەکانی بە جیهانی بوون (گەشەی و پەرەسەندنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی میدیاکان، گەشە کردنی وشیارییە شوورناسییەکان و بواری نواندنەوەیان) لە پاڵ سەرچاوە نەریتییەکانی شوورناسی کۆمەڵایەتی (نەتەوە، ئاین، ئاینزا و نەتەوایەتی)، شوورناسخوازییە نوێکان لە سەر بنەمای ڕەگەزێتی، هۆگرییە ڕەگەزییەکان، شێوازی ژیان، گرووپە نیمچە ئاینییەکان و دیکەی هۆکارەکان داوایان کردووە کە بە فەرمی بناسرێن.

سەرەڕای بوونی ئەم چەشنە بێژومار بوونی شوناسە، گوتاری زاڵی شوورناسی هاوچەرخ لە پێناو یەکدەستکردنی شوورناسیدایە کە توانای قبووڵ کردنی هەمەجۆرییەکانی لە دەست داوە، بابەتێک کە بە بیانووی پاراستنی یەکدەستی و ئاسایشی نیشتمانی و یەکپارچەیی سیاسی وڵات، خۆی بۆتە هۆکاری قوولتر بوونەوەی کەڵێنی نێوان ئێتنیکی و نێوان ئێتنیکایەتی و دەسەڵات، و دەرکەوتنی بزووتنەوە و گرووپە شوورناسخوازە سیاسییەکانی لێ کەوتۆتەوە. ئەم توێژینەوە بە فوکووس کردن لە سەر پێنج شوورناسی گشتگیری ئێرانی، بە بە کارهێنانی شێوازی چۆنایەتی و ئاوێتەیی لە نێوان کەسانی بلیمەت و جەماوەرە گشتییەکان گرووپە ئێتنیکییەکان دیوەکانی جۆراوجۆرەکانی بابەتەکەی تاوتوێ کردووە و شانەی موزاییکی کۆمەڵگای ئێران، لە پاڵ گرنگی ڕوو لە هەڵکشان و بەردەوامی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان لە هێنانە دی و پتەو کردنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی، سەرنج خستنە سەر چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوە، واتە دادپەروەری و گەشەی تۆختر کردووەتەوە کە ئەم بابەتە لەگەڵ چۆنیەتی و بۆچییەتی شوورناسی گشتی ئێتنیکەکان لە وڵات لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە.

ڕۆحی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا مرۆییەکانی هاوچەرخ دیموکڕاسیخواز و گەشەخوازە و ئەم تایبەتمەندییانە لە کۆمەڵگا فرەکلتوورییەکان تۆختر، بە جۆرێک کە جیا لە هۆکارە جیهانییەکانی، پێویستی پێداگرانەی لە باسە نێوان ئێتنیکییەکان و پەیوەندیی ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییانە لەگەڵ دەوڵەت دەست خستووە.

گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە

لقێک لە ئێتنیکە ئاریاییەکان کە بەرەو ئێران کۆچیان کرد، یەکەم جار لە باشووری ڕووسیا، لە کۆتاییەکانی نیوەی دووهەمی هەزارەی دووهەمی بەر لە زایین و سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین، وردە وردە هاتنە ناو پێدەشتی ئێران (صنیع اجلال، 1384، ل 55) و لەو کاتەوە، پێدەشتی ئێران هەمیشە شوێنی هێرش و پەلاماری ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان بووە. هەندێ لە بیرمەندانی ناسیۆنالیست[1] عەرەبەکانیش بە هۆی ئەو کاولکارییانەی کە پاش هێرش کردنە سەر ئێران بە سەر ئێرانیان هێنا سەرکۆنە دەکەن (بیگدلو، 1380)، بەڵام لە ڕوانگەی هەندێ لە توێژەران و مێژوونووسان، توخمە شووناسە ئێرانییەکان خاوەن وەها هێزێکی کلتووری بووە کە سەرەڕای هەمە جۆری و زۆریی شووناسیی – کلتووریی ناوخۆیی و هێرشە دەرەکیشووناسییەکان، توانیویەتی زیندوو و بەردەوام بێ و شووناسی ئێرانی هێشتا ئاماژە بەو هەمەجۆری و بێژوماریە دەکا کە پەیوەستە بە هەموو جۆرەکانی گۆتارەکانی پەیوەست بەم شووناسە. لێکدانەوەی چل پاژە لەو لێکدانەوە ڕاستانەیە کە بۆ دەربڕینی بارودۆخی شوناسی ئێرانی ئەوڕۆیی دەتوانین بە کاری ببەین (شایگان، 1381 و 1378). چەمکی مێژویی شووناسی ئێرانی[2] لە بزووتنەوە ئێتنیکی، سیاسی و ئاینییەکانی سەردەمی ساسانییەکاندا بێچمی گرت و لە سەردەمی ئیسلامیدا، وێڕای هەوراز و نشێوێکی زۆر بەردەوام مایەوە و لە سەردەمی سەفەوییەدا دیسان لە دایک بوویەوە و لە سەردەمی نوێدا، بە شێوەی شووناسی نیشتمانی ئێران خۆی نواند (اشرف، 1378) و هەروەها دەتوانین بڵێین کە ئەوڕۆ لە سێ بواری شارستانی ئێرانی، ئیسلامی و ڕۆژاوایی کەوتۆتە بەر کاریگەری (کچوئیان، 1387).

ئەوڕۆ لە ئێران، شوناسە گشتییە جۆراوجۆرەکانی وەکوو لوڕ، بەلووچ، تورکەمەن، تورک، عەرەب، کورد و فارس نیشتەجێن و دەتوانین دانی پێدا بنێین کە تا ڕادەیەک زۆربەی ئەم ئێتنیکانە لە ناوچە سنووریییەکاندا نیشتەجێن و لەگەڵ ئێتنیکی وڵاتانی دراوسێ پەیوەندیی کلتووری و ئاینییان هەیە کە بۆتە هۆی نایەکدەستی جۆراوجۆری ئێتنیکی، نەتەوەیی، زمانی و ئاینی کە ئەوڕۆکە بوونەتە ناوەندەکانی قەیرانی شووناسی نیشتمانی و گرووپە ئێتنیکییەکان لە وڵاتانی دراوسێ وەکوو عەرەب و کورد لە عێراق، ئازەرییەکان لە کۆماری ئازەربایجان و بەلووچەکان لە پاکستان دەتوانن وەک چەقی دروستکردنی گرژی و قەیران بێنە بەر باس (فولر، 1372).

---

[1]- هاوشێوەی ناخووندزادە، میرزا ناقاخانی کرمانی، سادق هیدایەت، مەلەکولشوعەرای بەهار، و ...

[2] - **Iranian identity**

لەگەڵ بە فەرمی ناسینی زمانی فارسی، هەر کام لە شوونەاسە گشتییەکانی ئێرانیش زمان و زاراوە و بن زاراوەی جۆراوجۆریان لە خۆ گرتووە و لە ڕووی ئاینییشەوە لەگەڵ بە فەرمی ناسینی مەزهەبی شیعە، ئاین، کۆمەڵگا و ئاینزا ئاینییەکان لە ناو ئێتنیکەکان لە پاڵ لێکچوونە هاوشێوەکان لەم بوارەدا بوونی هەیە (یوسفی، 1380، ل 17).[1] هەر بەم پێیە، یاسادانەر، بۆ ئاسانکاری بەردەوامبوونی ژیانی نێوانکلتووریی، بڕگەیەکی لە پێناو قبووڵ کردنی جیاوازییە کلتوورییەکان لە یاسای بنەڕەتیدا گونجاندووە، وەک چۆن بڕگەی پانزەهەمی یاسای بنەڕەتی[2] جەخت لە سەر هەڵی بە کارهێنانی زمانە خۆجێیی و ئێتنیکەکان لە پاڵ زمانی فارسی دەکاتەوە و بڕگەکانی هەوتەم و شەست و چوارەم هەتا سەد و شەشەم بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە مافەکانی ئێتنیکەکان و کەمینەکان دەکات. هەروەها لە بڕگەی بیست و چوارەم و بیست و شەشەمیش ئاماژە بە ئازادی دامەزراندنی «حێزب و کۆمەڵگەکان» و ئازادی گۆڤار و ڕۆژنامەکان کراوە.

گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران لە درێژایی مێژوودا زیاتر ژیانێکی ئاشتیانە و کەمئاڵۆزانەیان لە پاڵ یەکتر بە سەر بردووە، بەڵام پاش دەرکەوتنی دەوڵەت – نەتەوە و پەرە سەندنی بزووتنەوە شوونەاسخوازەکان لە جیهان لە لایەک و کەوتنە پەراوێز و سەپاندنی هەڵاواردنە ئێتنیکییەکان لە لایەن ئێتنیکە دەسەڵاتدارەکان لە لایەکی تر، بۆتە هۆی دەرکەوتنی گرژییەکانی نێوان ئەوان.

لەم توێژینەوەدا، پێنج شوونەاسی گشتی فارس، تورک، کورد، عەرەب و بەلووچ تاوتوێ کراون.

بەلووچ

بەلووچەکان موسڵمانی سوننە مەزهەب (حەنەفی)ـن و کەمینەی شیعەی دوانزە ئیمامیان لە خۆ گرتووە کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران نیشتەجێن و بە ڕەچەڵەک ئاریایین؛ لەگەڵ زیاتر بوونی ڕکابەری نێوان ئینگلەند و ڕووسیا، شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە نێوان هیندستان، پاکستان و ئەفغانستان دابەش کراوە[3] (عبداللهی و حسین بر، 1381).

---

[1]- لەم بارەوە دەتوانین ناماژە بکەین بە بڕگەکانی یەکەم، سێیەم، پێنجەم، شەشەم، هەوتەم، نۆیەم، یانزەهەم، دوانزەهەم، سیانزەهەم، پانزەهەم، شانزەهەم، نۆزدەهەم، بیستەم، بیست و دووهەم، بیست و سێهەم، بیست و چوارەم، بیست و شەشەم، سی و هەوتەم و سی و هەشتەمی یاسای بنەڕەتی.

[2]- «زمان ونووسینی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە و نووسراو و دەقە فەرمییەکان و کتێبە وانەییەکان دەبێ بەم زمان و خەتە بێ، بەڵام بە کارهێنانی زمانی دایکی لە گۆڤار و میدیا گشتییەکان و وتنەوەی نەدەبیاتیان لە قوتابخانەکان لە پاڵ زمانی فارسی ڕێگە پێدراوە.»

[3]- ئەوڕۆکە پتر لە ملوێنێک و 300 هەزار کەس لە بەلووچە ئێرانییەکان لە سەر ناستی پارێزگای سیستان و بەلووچستان و دیکەی پارێزگاکانی ئێران ژیان بە سەر دەبەن.

پەیوەندیی بەلووچەکان لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکان هەمیشە تێکەڵ بە گرژی بووە و لە ڕاستیدا سیاسەتەکانی دەوڵەتە جیاوازەکان بۆتە هۆی پەراوێز خستنیان. یەکێک لە هۆکارە گرژی هێنەرەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکان لێکچوونی کلتووری ئەوان لەگەڵ دانیشتووانی وڵاتی دراوسێیە کە دەفرایەتی سەربەخۆیی‌خوازییانی تێدا بەدی هێناوە (مظفری، 1391).

لەو ڕووەوەی کە زمانی بەلووچی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا باوە، هەر لە سەرەتای پۆلێنبەندی ئەم زمانە، لە ناو زمانناسان ڕێککەوتنێک لەم بارەوە بوونی نییە. کەواتە پۆلێنبەندی جۆراوجۆر هەیە. بۆ وێنە، هەندێ وتوویانە ‘‘بەلووچی باکووری و بەلووچی باشووری’’ و هەندێکی دیکە وتوویانە ‘‘بەلووچی ڕۆژهەڵاتی و بەلووچی ڕۆژاوایی’’ و هەندێکیش – کە لەم دواییانەدا ئەم بۆچوونەیان خستۆتە ڕوو – دەڵێن بەلووچی بۆ سەر سێ زمانی ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژاوایی و باشووری دابەش دەبێت. بەڵام ئەگەر بمانهەوێ ئەم دابەشکارییە نیمچە ئاڵۆزە وەلا بنێین و ئاماژە بە ناسراوترین زاراوە بەلووچییەکان بکەین، دەبێ ئاماژە بە زاراوەی ڕەخشانی بکەین کە پڕبێژەرترین زاراوەی بەلووچییە و لە ئێران، پاکستان، ئەفغانستان و تورکەمەنستان ئاخافتنی پێوە دەکەن (طامه، 1396).

هەر هەموو خەڵکی بەلووچ موسڵمان یان سەر بە زۆرینە موسڵمانی سوننەی حەنەفی یان کەمینەی شێعەی دوانزە ئیمامین و تاقم و ئاینێکی دیکە لە ناویاندا بوونی نییە. جلوبەرگی دەرزی‌دووری لە ئاسەواری کلتووری و بەرهەمی هونەری ئافرەتانی بەلووچە کە ناوبانگێکی زۆری هەیە.

تورک / ئازەری

ئەم گرووپە لە دراوسێتی کۆماری ئازەربایجان بنچینەی زمانی هاوبەشیان لەگەڵ تورکیا هەیە و ئیدعای یەکگرتنی هەر دوو ئازەربایجانەکە و یەکگرتنی قەڵەمڕەوی هەر دوو لای ڕووباری ئەرەس هاوشێوەی خەونێکی نەتەوەیی بۆ پان تورکیزم لە سەردەمی سۆڤییەتەوە بۆتە باو. زۆربەی قسەکەرانی زمانی تورکی ئازەربایجان لە باکوری ڕۆژاوای وڵات و لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی، ئەردەبیل، زەنجان و قەزوێن نیشتەجێن. زۆربەی خەڵکی تورک زمانی دانیشتووی ئێران بە زاراوەی تورکی ئازەربایجانی ئاخافتن دەکەن و هەڵبەت تورکی خوراسانیش لە ئێراندا قسەکەری هەیە. زۆربەی خەڵکی ئازەری / تورک لە ئێران موسڵمان و ئەهلی شێعەن. هەڵبەت لە ناو ئازەرییەکانیشدا شوێنکەوتەی ئاینی یارسان بەدی دەکرێت.

ئازەرییەکان / تورکەکان جیا لە پابەند بوون بە ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و ئاینییەکان، لە زۆر ڕووەوە داب و نەریتی تایبەت بە خۆیانیان پاراستووە و لە هەندێ حاڵەتدا، ڕێوڕەسم و داب و نەریتی باویان بۆتە باسی نیشتمانی، بە جۆرێک کە ڕیزەکانی ماتەمگێڕانی حسێنییەی مەزنی زەنجان، تەورێز، ورمێ و ئەردەبیل وەک بە ناوبانگترین ڕیزەکانی ماتەمینی ئەهلی بەیت لە ناو ئێرانییە ئازەرییەکان لە مانگی موحەڕەمدا دێتە هەژمار. هەروەها ڕێوڕەسمگەلی وەکوو تەشتدانان، تازیەخوێنی، شاهسێنخوێنی، سینگ کوتان و زنجیر لێدان لە داب و نەریتە باوەکانی ئەوانە و شینگێڕی و دولکە و لاواندنەوەکان بە زمانی تورکی دەخوێنرێتەوە. ڕێوڕەسمەکانی ماتەمگێڕانی بازاڕی مێژوویی تەورێزیش تۆماری نیشتمانی کراوە. هەروەها، مۆسیقای ئازەربایجانیش وەک بەشێکی گرنگ لە شووناسی کلتووری ئەم ئێتنیکە دێتە هەژمار و هونەرمەندانی ئازەربایجانی بە داهێنەرایەتی خۆیان مۆسیقایەکی ناوازەیان داهێناوە و ئەوانەی ئەم چەشنە مۆسیقایە لەگەڵ شێعرەکانی خۆیان بە زمانی تورکی ئازەربایجانی دەچڕن پێیان دەڵێن ئاشیق. عاشیقەکان لە وەسف کردنی ئازەربایجان و جوامێری گەورەکانیان، لە بۆنەی ئاهەنگ و ماتەمین، شێعری زۆر خۆش لەگەڵ مۆسیقای ئازەربایجانی دەچڕن و جێی سەرنجی هەمووانن. جلوبەرگی نەریتیی ئازەربایجانی لە سیمبۆلە تایبەتەکانی ئازەرییەکانە و لە دوای پرۆسەگەلی دوور و درێژی کلتوور و ئاین و دیکەی فاکتەرەکانی خەڵکی ئازەری بەدی هاتوون.

فارس (فارس زمانەکان)

فارسەکان گەورەترین ئێتنیکی ئێرانن کە زۆریان دانیشتووی شارەکانی ناوەندی ئێرانن و لە ڕووی سیاسییەوە لە ئێران باڵادەستن و بە واتایەک بە هۆی توخمگەلی شووناسی خۆیان وەکوو زمان (فارسی)، ئاین (شێعە) و دیکەی توخمەکان بە سەر دیکەی ئێتنیکەکاندا باڵادەستن. زۆربەی فارس زمانەکانی ئێران شوێنکەوتەی مەزهەبی شێعەی دوانزە ئیمامین، بەڵام لە هەندێ لە ناوچە سنووریییەکانی ئێران، شوێنکەوتووانی سوننەی فارسی زمانیش نیشتەجێن.

فارسەکان زیاتر نیشتەجێی شارە گەورەکانی ئێرانن و لە ڕوانگەی کلتوورییەوە، هەڵی زۆر زیاتر لە ئێرانیان هەیە. زمانی فارسی لە زمانە هیندوئوروووپاییەکانە و خەڵک لە وڵاتانی ئێران، ئەفغانستان، تاجیکستان و ئۆزبەکستان ئاخافتنی پێ دەکەن و لە ڕاستیدا زمانی فەرمی وڵاتانی ئێران و تاجیکستانە و یەکێکە لە دوو زمانی فەرمی ئەفغانستان (لە پاڵ پەشتو) و زمانی فەرمی وڵاتی هیندستان (هەتا بەر لە هاتنی کلۆنیاڵی بریتانیا).

کورد

کورد پاش عەرەب، فارس و تورک وەک گەورەترین بلووکی ئێتنیکی لە خۆرهەڵاتی ناڤین دێتە هەژمار (Olson, 2003, p. 6). کوردەکان بە گشتی لە سنووری نێوان چوار وڵاتی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا نیشتەجێن.

زمانی کوردی یەکێک لە لقەکانی زمانی هیندوئووروپاییە کە لەگەڵ زمانەکانی وەکوو ئاستی، ئەڤغانی، فارسی، تاجیکی، تاتی و تالشی و ... و لەگەڵ زمانە کۆنەکان، ئاڤێستایی، سۆغدی، خارەزمی، ئێسکیتی و زۆر زمانی دیکە هاوبنچینەیە (دیاکونف، 1383، ل 439). ئەم زمانە ئێرانییە و سەر بە گرووپە زمانییەکانی باکووری ڕۆژاوایی یان باشووری ڕۆژاوایی ئەم بنچینەیە (برویین سن، 1383، ل 35) و بنزاراوەکانی کرمانجی باکوری، کرمانجی ناوەڕاستی و کرمانجی باشووری، گۆرانی و زازایی لە سنووری جوگرافیی ئەواندا بەدی دەکرێت.

عەباس وەلی و دیتران (1398) ڕوونی دەکەنەوە کە شووناسی کوردی لەو جیاوازییانەدا دەردەکەوێ کە شووناسی دەسەڵات پێناسە دەکات. ئەم شوناسە بەوەی کە هیچ شتیک دلالەت ناکا، لە سەر شتەکان دلالەت دەکا، واتە لە گەڵ نەبوونە کە بوونی هەیە و ئەوە بە جۆریک سووژەمەندیی دەزانێ بە بی ئەوەی بارودۆخی ئیمکانی نواندنەوە / دلالەتی[1] لە میژوو و سیاسەتدا هەبێت. لە ناو کوردەکان، هەر دوو ئاینزای شیعە و سوننە بەدی دەکرێ و ئەگەر ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بۆ سەر دوو بەستێنی ئاینزایی دابەش بکەین، دەتوانین بڵێین زۆربەی کورد سوننە مەزهەبەکان لە نیوەی باکوریی نیشتەجێن. هەڵبەت کۆمەڵێکی دیکەی کوردەکانیش هەن کە پێیان دەڵێن یارسانەکان (کاکەیی / ئەهلی حەق) و زۆربەی شوێنکەوتووانی ئەم ئاینە لە هەندێ لە شار و گوندەکانی پارێزگای کرماشاندا ژیان بە سەر دەبەن.

کوردەکان لە سەر بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و ئاینییەکان سوورن و لەو پەڕی شکۆمەندیدا نەورۆز بەڕێوە دەبەن و بایەخێکی زۆر بە ڕێوڕەسم و جەژنە ئاینییەکانی وەکوو جەژنی قوربان و جەژن ڕەمەزان و بەتایبەت جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر دەدەن و بۆنە ئاینییەکاندا لە هەندێ ناوچەکان خۆراکی نەزری وەکوو جۆری ئاشی تایبەت لێدەنن و لە ناو خەڵکدا دابەشی دەکەن و لەگەڵ ئەوە، ڕێوڕەسمی زیکری دەروێشەکان و ژەنینی دەف و زیکرخوێنی بەتایبەت مەولوودیخوێنی، حەمد و ستایشی پێغەمبەری ئیسلام و پارانەوە لە بەر قاپی خوداش بەڕێوە دەچێت. لە ناوچە کوردنشینەکان، جلوبەرگی جۆراوجۆر لەوانە

[1] - **Representation / Signification**

جلوبەرگی کوردی بەدی دەکەین بە جۆرێک کە بە کەمێک گۆڕانی لە چاو یەکتر، هەر کام فۆرم و دیمەنی جوانی خۆیانیان هەیە. جلوبەرگی نەریتی پیاوان و ئافرەتانی کورد بریتییە لە باڵاپۆش، سەرپۆش و پێڵاو. پێکهاتە و کارکردی هەر کام لەمانە بە پێی وەرز و جۆری ئیش و بژێوی و بۆنە و جەژنەکان لە یەکتر جیاوازە. ئەگەرچی جلوبەرگی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وەکوو هەورامان، سەقز، بانە گووگولاو، گەرووس، سنە، مەریوان، مەهاباد و دیکەی شوێنەکان جیاوازە، بەڵام لە ڕووی جلوبەرگی تەواوی لەش هەمووان هاوشێوەن.

عەرەب

کۆمەڵگای عەرەب زمان، لە سەرتاسەری دنیادا، قەڵەمڕەوێکی بەربڵاو لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە خۆ گرتروە و لە ئێرانیش لە باشوور و باشووری ڕۆژاوا، لە بەشگەلێک لە پارێزگای خووزستان نیشتەجێن (میراحمدی، 1377، ل 32). دەبێ بڵێین کە عەرەبەکانی ئێرانیش، هاوشێوەی تورکەکان لەگەڵ ناوەند هاوبەشێتی ئاینزاییان هەیە و ئەمە شووناسی ئێتنیکی ئەوپەڕ سنووری لاواز دەکات.

عەرەبەکانی دانیشتووی ئێران زیاتر بە زاراوەی عەرەبی خووزستانی کە بنزاراوەیەکە لە عەرەبی مزۆپۆتامیایی ئاخافتن دەکەن. عەرەبەکانی ئێران لە چوار پارێزگای خووزستان و بەندەر عەباس و بووشێر و ناوچە باشوورییەکانی پارێزگای ئیلام بڵاو بوونەتەوە، بەڵام زۆربەیان لە پارێزگای خووزستان نیشتەجێن و زیاتر شێعەی دوانزە ئیمامین. هەڵبەت عەرەبە سوننە مەزهەبەکانیش لە ئێران هەن، بەڵام ڕێژەیەکی کەمتر پێک دێنن.

عەرەبەکانی خووزستانیش هاوشێوەی دیکەی خەڵکی ئێران خاوەن کلتووری تایبەت بە خۆیانن و بە لاسایی کردنەوەی عەرەبەکانی وڵاتانی دراوسێ، جیژنی ڕەمەزان پێگە و بایەخێکی زۆر زیاتری لە چاو کلتووە گشتییەکانی ئەوان هەیە و بە نۆڕم، ڕفتار و داب و نەریتی زۆرەوە ڕێزی لێ دەگرن. یەکێکی دیکە لە نەریتە کۆنە باوەکانی عەرەبەکانی خووزستان ڕێوڕەسمی گۆرگیعانە کە هەموو ساڵێک لە پانزەی مانگی ڕەمەزان لە ئەهواز بەڕێوە دەچێت. یەکێکی دیکە لە ڕێوڕەسم و بۆنە هەرە گرنگ و باوەکانی نەتەوەی عەرەب، دەتوانین ئاماژە بە ڕێوڕەسمی قاوەخۆری و دەلەخۆری بکەین کە بە داب و نەریتێکی زۆرەوە بەڕێوە دەچێت.



وێنەی ژمارەی 1: خەریتەی لێکبڵاوی ئێتنیک و ئاینەکان لە ئێران

شووناسخوازی ئێتنیکە ئێرانییەکان

پیناسەی پاوانەکراوی شوناسی ئیتنیکی فارس لە ئاستی شوناسی نەتەوەیی ئیرانی بووەتە هۆی دابەزاندنی ئەم شوناسە بۆ شوناسی فارسی و زمان، ئاین، ئاینزا، کلتوور و دیکەی توخمەکانی شووناسی ئێتنیکی فارسی لە ژێر ناوی شووناسی فەرمی ئێرانی ناساندووە و بەم شێوە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا داخوازی شووناسخوازانەی ئێرانییەکاندا خۆی نواندووە. توێژینەوەی جۆراوجۆر لەم بارەوە گوزارشتە لەوەی کە لاوازی دەوڵەت و بەرەوڕوو بوونەوەی لەگەڵ قەیرانە سیاسی، ئابووریی، و کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی بۆ بەدواداچوونی ئامانجی شووناسخوازانەی ئێتنیکەکان هێناوەتە ئاراوە و کێشمەکێشی ئێتنیکەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لێ کەوتۆتەوە (Amirahmadi, 1987, p. 363-391). لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کەمبوونەوەی توانای کۆنترۆڵی دەوڵەت و قەیرانە دەوڵەتی و ئێتنیکەکان بوونی هەیە (رمضان زاده، 1377).

زیاترین گروپی ئێتنیکی لە ئێران فارسەکانن کە بێچمی توندڕەوانەی دیکەی ئێتنیکە ئێرانییەکان بە سەرەتایی، عەشیرەیی و پەراوێزخراو دەناسێنن و کلتووری فارسی بۆ دیکەی ئێتنیکەکان وەک پێوەرێکی باڵادەست و پێشکەوتوو پیشان دەدەن.

پاش فارسەکان، تورکەکان پڕحەشیمەتترین ئێتنیکن و زۆرینەی داخوازییە ئێتنیکییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە سەدەیەک و زەقترین نموونەکەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتی جەفەر پیشەوەری بوو. ڕادیکاڵترین هۆگری تورکەکان / ئازەرییەکان بواری هۆگریی پان تورکیستییە کە لە ئێتنیکە بە ڕەچەڵەک تورکەکانی ئێمپراتۆری سۆفییەت سەرچاوە دەگرێت. هەڵبەت زۆرینەی داخوازیی شووناسخوازانەی تورکەکانی ئێران داخوازی کۆمەڵایەتی و دادپەروەرتەوەرە و لە سەرچاوەی داخوازی مەدەنییەوە گەڵاڵە دەبێ، بەڵام حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی وڵاتی ئێران زیاتر درێژە بە ئامانجی سەربەخۆییخوازانە دەدەن کە هەڵبەت کاریگەریشی لە سەر ناوەوەی ئێران و بەتایبەت لە سەر کۆمەڵێ گرووپ لە تەورێز داناوە.

کوردەکان کە سوننەی شافیعی مەزهەبن ئەوانیش لایەنی جۆراوجۆریان لە شووناسخوازی لە خۆ پیشان داوە. ڕەوتی زاڵی ناسیۆنالیستی کورد ڕەوتێکی نەتەوەخوازییە. بە باوەڕی ئەوان نەتەوەی کورد بوونێکی سەرەتایی هەیە، بناغەیەکی سرووشتی کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر کوردەکان (وەلی، 1397). پێشینەی گشتی داخوازییە ئێتنیکخوازانەی کوردەکان لە ئێرانیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە سەدەیەک و ڕەوتە مێژووسازەکەی لە ساڵی 1324ـی هەتاوی و لەگەڵ دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان (بە ناوەندێتی مەهاباد و ڕێبەرایەتی قازی محەمەد) ڕووی دا. لەگەڵ دەستپێکردنی ناڕەزایەتی و بێچم گرتنی بڵێسەی شۆڕشی 1357ـی هەتاوی، حیزبی دیموکرات سەر لە نوێ خۆی ڕێک خستەوە و حیزبگەلی دیکەی وەکوو کۆمەڵە، ڕێکخراوی خەبات و ... دروست بوون، شووناسخوازی ئەوڕوویی کوردەکان فۆرمی ڕێکخراوی مەدەنی و چالاکییە کلتووری و هونەرییەکانی گرتۆتە خۆی، سەرەڕای ئەوەی حیزبە سیاسییە چەکدارە شووناسخوازەکان لە دەرەوەی وڵات هێشتا چالاکن هەڵبەت دابڕانیش کەوتۆتە نێوانیان.

پێشینەی داخوازی ڕێکخراوی شووناسخوازانەی عەرەبەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ 70 ساڵ بەر لە ئێستا. ئەم گرووپانە پاش شۆڕشی 1357، هەستان بە بڵاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیا و ئامانج و تەنانەت داپەڕە سەربازییەکانیان و ئەوڕۆش دوو ئاستی جیاواز لە داخوازێتی لە ناو عەرەبەکاندا بوونی هەیە کە گرووپێک خوازیاری سەربەخۆیی تەواوی خووزستان لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەب زمانن، بەڵام

لە هەندێ لە ڕێکخراو و حیزبەکانی دیکە خوازیاری پێکهێنانی سیستەمێکی فیدراڵی لە ئێرانن کە ئیالەتی خووزستان یەکێک لە ئیالەتە پێشنیارییەکانی ئەوانە (ئەحمەدی، 1383).

بەلووچەکان خاوەن زمانی بەلووچی و مەزهەبی سوننەی حەنەفین کە دابەش بوونی بەلووچستان لە ساڵی 1879 زایینی لە نێوان ئێران و هیندستان (پاکستانی ئەورۆیی) سنووری سیاسی لە نێوان ئەم ئێتنیکە یەکپارچەی بەدی هێنا. بوونی هەڵاواردنی ئێتنیکانە لە لایەن هەر دوو وڵاتی ئێران و پاکستان بۆتە هۆی وروژانی هەستی ئێتنیک‌خوازانە و خستنە ڕووی داخوازیی ئێتنیکی لە لایەن بەلووچەکان. ئەوڕۆکە بوونی گرووپەکانی تالیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان و پاکستان بزووتنەوەی شووناس‌خوازانەی بەلووچەکانی لە دوو ڕووی ئاینی و ئێتنیکییەوە توندتر کردووە. هەڵبەت ئێستا داخوازییە ئێتنیکییەکان لە بێچمی چالاکی مەدەنی، کلتووری و کۆمەڵایەتیدا ئەنجام دەدرێ، بەڵام کەلێنی ئاینی، هەڵاواردنی ئابووری و بوونی پەیوەندیی ناوەند – دەوروبەر زۆرتربوونی داخوازیی بەلووچەکانی لێ کەوتۆتەوە.

ئامانج و گرنگی توێژینەوە

کۆمەڵگای ئێران لە دێرزەمانەوە لەگەڵ ژیانی فرەشووناسی ڕاهاتووە و هەندێ لە خاوەن تیۆرییەکان لەو باوەڕەدان کە هەر چەشنە ڕوونکردنەوەیەکی گشتی پەیوەست بە کۆمەڵگا فرەئێتنیکەکان بە بێ گرنگیدان و لێکدانەوەی هۆکاری ئێتنیکایەتی ناتەواو و نووقسانە. بەو پێیە و بە پێی گرنگی ڕوو لە هەڵکشان و بەردەوامی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان لە پێکهێنان و پتەو کردنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی، تاوتوێ کردنی زانستی ئێتنیکەکان پتر لە جاران کەوتۆتە بەر سەرنج. هەر لەم بوارەدا، زۆرێک لە خاوەن بیرۆکەکان لەو بۆچوونەدان کە ڕیشەی هاوپەیوەندیی و شووناسی نەتەوەیی دەچێتەوە سەر کۆمەڵگا ئێتنیکییەکان و هەستی زۆر کۆنی ئێتنیکایەتی وەک نەتەوەخوازی سەرەتایی. هاوپەیوەندیی ئێتنیکی و یەکپارچە بوونی شووناسەکان لە کۆمەڵگا فرەئێتنیک و فرەکلتوورەکان دەتوانێ ئاشتی لێ بکەوێتەوە و کەلێنی نێوان ئێتنیکەکان پڕ بکاتەوە. گرنگیی بابەت و پرسی سەرەکی لێرەدا چۆنیەتی و بۆچێتی شووناسی گشتی ئێتنیکەکان لە وڵاتی ئێرانە. شووناسی گشتی یان کۆمەڵایەتی هێمای ئەو مەڵبەندە و قەڵەمڕەوێک لە ژیانی کۆمەڵایەتییە کە کەسێک بە ڕاناوی ئاماژەی «ئێمە» خۆی پەیوەست و پێبەستراو و قەرزدار بەو دەزانێ و لە ئاستی ئەو هەست بە پابەندیی و ئەرک دەکات.

کارامەیی دەوڵەتە ئەوڕۆییەکان پشت بەستوو بە توانای ئەوان لە گەشەپێدانە و لە کۆمەڵگا فرەشووناسەکانیشدا بەدەر لە گەشە، چەمکی دادپەروەری نێوانئێتنیکیش گرنگییەکی زۆری هەیە کە بۆتە شوێنی فوکووسی ئەم

توێژینەوە، بە جۆرێک کە سازدان و پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لە بارەی ئێتنیک و شوونەسەکانی دیکە ببێتە ڕێخۆشکەری هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی نەتەوەیی، بابەتێک کە دژایەتی هەموو جۆرەکانی دەمارگرژی شوونەسیی دەکا و کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕووناکبیران، چالاکڤانانی بواری شوونەس و کلتوور و هەموو ئەو کەسانەی کە هۆگری ئاشتی و ئاشتەوایین ڕاکێشی گۆڕەپانێکی چالاک دەکا و لە بری سڕینەوەی کلتوورەکان، لە پێناو بەهێز کردنی کلتووڕە زۆرەکاندا بە کار دەهێنرێت.

ئەدەبیاتی توێژینەوە

شوونەسی[1] کەسێک یان گرووپێک پێویستی بە «شوونەسی ئەویتری»یە و لە قۆناغی یەکەمدا، ئەم «شوونەسی ئەویتری»یەیە کە بوونی هەیە و لایەنی تۆکمەبەخش یان پێکهاتەیی هەیە (Grossberg, 1996, p. 93-96). لەم توێژینەوەدا، شوونەس بە واتای ئاگادار بوون لە کێیەتی تاکایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە کار هێنراوە کە بێچمی دەرەکی و گشتی دەگرێتە خۆی و دەبێتە بناغەیەک بۆ پەیوەندیی و کردەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی (Jenkins, 2014, p. 6-20) بەڵام زیاتر لە ڕێگەی هاوبەراوردی و جیاکردنەوەی ناوگرووپەکان لە دەرەوەگروپەکان دەڕەخسێ (Brown, 1996, p. 9). لە خشتەکەی ژێرەوە چوارچێوەی گشتی ڕوانگەکانی زانستی مرۆیی بۆ شوونەس لە پرۆسەی نەریت، مۆدێرنیتە و پاشمۆدێرندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئاراستە	کات	شوێن و پانتا	سەرچاوەکانی شوونەس	جۆری شوونەس	سووژە	قوتابخانە هزرییەکان
نەریتی	ڕابردوو	- شوونەسی شوێندار - وڵاتتەوەر - جیانەبوونەوەی پانتا شوێن	- داب و نەریت و ئاین و پێکهاتەکان - پێویستیی ناسراوبوون	- جەوهەری نەگۆڕ و بەردەوام و پەیوەست بە دەسەڵات - پێشتر دیاریکراو - کەسێکی سەرەتاخواز	- ئەوپەڕمێژوویی - ئەوپەڕزەمەنی - جەوهەری نەگۆڕ	- باوەڕە گشتییەکان - نازانستی ئاینی و متافیزیایی
مۆدێرن	ئێستا	- دەرکەوتنی دەوڵەت – نەتەوەکان - وڵاتگەلێک بە سنووری فەرمییەوە	- سووژە (بکەری ناسێنەر) - عەقڵی دوورئەندێش - چاکسازی ئایین - شۆڕشە زانستییەکان	- پێکهاتەدار، پەیوەست - هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، کلتووری	- دانوستان و واتادۆزی سووژە لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان	- کردەوەی دوولایەنە - سیمبۆلیک - پێکهاتەخوازان - مارکسیزم

[1] - **Identity**

		- شووناسی گشتی (نەتەوەیی و ..). و تاکایەتی				
پۆستمۆدێرن	داهاتوو	- لێکچسانی شوێن، پانتا	- کردەوەکان و کلتووڕە وڕد، خۆجییەکان - دەستکەوتی گوتار	- شووناسە کراوەکان - لێکدڕ و تایبەتخواز - پارچە پارچە و مەڵەوەر - هەمەجۆر و بێژومار - پەیوەست بە گوتار	- نواندنەوە جۆراوجۆرەکان - شێکارییە پەیتا پەیتا و بێژومارەکان	-پاش‌پێکهاتەیی - ڕخنەیی - دەروونتوێژی پاش‌فرۆیدی

خشتەی ژمارە ۱: چوارچێوەی گشتی ئاراستەکان (نەریتی، مۆدێرن و شووناس) بۆ شووناس (گیدنز، 1994، ل 125؛ Eriksen,1993؛ توسلی، 1398، ل 268؛ 382 – 375. Turner, 1998, p؛ گیدنز، 1385، ل 41؛ نکایی، 1381، ل 3؛ ڕشیدی، 1387 و کاستلز، 1389)

بە ئاوڕدانەوە لە وەرچەرخانی کۆمەڵگاکان بەرەو سیستەمە بەڕێوەبەرییە هاوبەشەکان و ئەو سەرنجانەی کە ڕەچاو کردنی بنەماکانی هاوولاتیی و دروستکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان پێویست دەکا (Faulks, 2000, p. 197) دەتوانین دانی پێدا بنێین کە گرنگیی گۆڕانی کۆمەڵگاکان بەرەو سیستەمی هاوبەش و بنەماکانی هاوولاتییی لە دوو دیوە زەق بوونەتەوە: 1. پیشاندەری وێنای تاک لە خۆی و شێوازی وێنای دیتران لەوە؛ 2. بەرهەمی پەیوەندیی شوناسێکی چالاک لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەیە (Oldfield, 1990).

ئێتنیکایەتی / نەتەوایەتی

ئێتنیکایەتی و گرووپی ئێتنیکی پێکهاتەیەکی چالاک لە ڕەچەڵەکی هاوبەشی ڕاستەقینە یان گریمانەیی (یادی هاوبەشی مێژوویی)، ئاگاداریی هاوبەشی ئێتنیکی، توخمە سیمبۆلیکەکان، پەیوەندییە سیاسی – وڵاتییەکان لە نێوان گرووپێکی کۆمەڵایەتییە کە دەبێتە بنەمای ئەزموونی ئێتنیکی (Tiffin & Griffths & Ashcreft, 1998, p. 84). ئانتۆنی سمیت[1] بۆ شووناسی ئێتنیکی ئاماژە بەم هێمایانەی ژێرەوە دەکات:

هێماکانی شووناسی ئێتنیکی لە ڕوانگەی سمیت

[1] - **Anthony Smith**



کۆمەڵە وشەی نەتەوەیی و نەتەوایەتی پاش شۆڕشی پیشەسازی[1] و پەرەسەندنی هەستی ناسیۆنالیستی هاتە ناو وشەگەلی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و شووناسی نەتەوەیی لە وڵاتێکی یەکگرتووی ناسراو و دەوڵەتی (سەربازی سیاسی) سەرچاوە دەگرێ کە ئێرنێست ڕەنان بۆ ئەو دوو تایبەتمەندی دێنێتە هەژمار:



هەندێ لە بیرمەندان وەک توخمی پێکهێنەری نەتەوە سەیری دوو گرووپی توخمی ئۆبژەیی (وڵاتی) و زەینی (ئوستووریی، بیرەوەرییەکان، باوەڕەکان و کلتوورەکان) دەکەن و دوو تایبەتمەندی و لایەنی سەرەکی[2] بۆ دێننە هەژمار (علمداری، 1383). ئەحمەد ئەشرەفیش ڕێکخراوی سیاسی، ئاین، زمان و دیکەی فاکتەرەکانی وەکوو ئابووریی، شارەکان، تاقمەکان و ... وەک فاکتەری بێچم گرتنی شووناسی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدەن. (اشرف، 1378).

گیدنێز (1385، ل 41) بارودۆخی شووناسە جیهانی و خۆجێییە ئەوڕوپییەکان بەم شێوەی ژێرەوە ڕوون دەکاتەوە:

---

[1] - **Industrial revolution**

[2] - **یەکەم لایەنی ئێتنیکی – کلتووری و نەوەی کە نەتەوە لە سەر بنەمای ئیدعای بنچینەی هاوبەش و بوونی باپیرانێک نەندامەکانی بەردەوام دەبێ و دووەم لایەنی مەدەنییە کە لە سەر ئەم بنەمایەیە کە نەندامانی نەتەوە پێویستی و پابەندێتی هاوبەشیان هەیە.**

جۆری شووناس	ئاستی پەیوەندیی	کات	شوێن	فاکتەرە کاریگەرەکان	پەیوەندییەکانی شوێن و پانتا
شووناسی خۆجێیی	خۆجێیی	بەر لە نوێبوونەوە	تایبەتخوازی شوێنی	داب و نەریت، دابو نەریتە خۆجێییەکان	یەکسانی پانتا لەگەڵ شوێن
شووناسی جیهانی	جیهانی	دوای نوێبوونەوە	ئەوپەڕخۆجێیی	ئەندێشە بەرهەمهاتووەکانی مۆدێرنیتە	جیابوونەوەی شوێن و پانتا

خشتەی ژمارە 2: جۆرەکانی شووناس لە ڕوانگەی گیدنێز

ئەوڕۆکە پەیوەندییەکانی نێوان ئاستەکانی شووناسی گشتی لە هەمبەر ڕوانگە تایبەتخوازییە ئێتنیکییەکان جێی باسە و نواندنەوە میدیاییەکان ئەوانەی کردووە بە حەقیقەتی ڕۆژەف (Hall, 1997, p. 2002). زۆر توێژینەوە ئەم ئیدعایەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە وێنەی نەرێنی لە گرووپە ئێتنیکییەکان یارمەتی بڵاوبوونەوەی ڕوانگەی جیاکارانە، وێنای چوارچێوەیی و ئەفسانە هەڵاواردنییەکان و سەرتری دەدا (بۆ وێنە بڕوانە: Entman, R. & Rojecki, 2000; Graves, 1999). سەرەکیترین بەدیلی پێکهێنانی مانا (شووناسسازی) لە کۆمەڵگای ئێمەدا کۆمەڵە کلتوورییەکانە کە لە سەر بناغە ئاینی، نەتەوەیی یان ناوچەییەکانە و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئێتنیکایەتی بە هۆی ئاین، نەتەوە و ناوچە گۆڕانی بە سەردار بێت (کاستلز، 1389، ل 87).

خوێندنەوەی ئێتنیکایەتی و پەیوەندییە ئێتنیکییەکان لە ئەندێشەی خاوەن تیۆرییە کلاسیکەکاندا هیچ پێگەیەکی نییە و گرنگیدان بە پەیوەندییە ئێتنیکییەکان لە ئەندێشەی کۆمەڵناسانێکی وەکوو مارکس[1]، دۆرکهایم[2]، ڤێبێر[3]، و زیمێل[4] بە شێوەی ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ نەکراوە.

سێ پرەسپێکتیڤی تیۆری ڕکابەر لە بارەی بێچمگرتنی شووناسە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان بەم شێوەی ژێرەوەیە:

[1] - Karl Marx
[2] - Émile Durkheim
[3] - Max Weber
[4] - Georg Simmel

ئاراستەی یەکەم گرێ دراوەتەوە بە ناوی ئانتۆنی سمیت و لە ژێر ناوی دێرینەناسی، شووناسی نەتەوەیی بە بابەتێکی سروشتی و نەتەوەکان بە خاوەن توخمی ئێتنیکی دەزانێ (Barrington, 2006, p. 13). بۆ دێرینەناسەکان، دەروونناسی تەواوکۆیی هێمای خۆگوونجاندنی سەرکەوتووانەی مرۆڤ لەگەڵ هەلومەرجی بەدیهاتوو لە درێژەی سەردەمانی بەر لە مێژوو بووە (Kaufmann, 2015, p. 194). لەم ئاراستەدا، وێنای بێچمێکی کلتووری نەگۆڕ دەکرێ کە ئەکتیڤە ئێتنیکییەکان پێکیان هێناوە و مانابەخشی بەردەوام لە درێژەی نەوەکاندا مومکین بووە.

ئامرازخوازی دووهەمین ئاراستەیە و بە پێی ئەو ئێتنیکایەتی سەرچاوەیەکە کە لە لایەن بلیمەتەکانەوە بۆ پێناسەی شووناسی گرووپی، ڕێکخستنی ئەندامێتی و سنوورە گرووپییەکان و دروستکردنی سکاڵا و دەرهێنانی سەرچاوە بە کار دەهێنرێت (Brown & Langer, 2010, p. 413).

دوایین ئاراستە پاژەزانینە کە دژی دێرینەخوازییە و پێداگری لە سەر ئەو پرۆسانە دەکا کە لە ڕێگەی ئەوانەوە، گرووپە ئێتنیکییەکان سەر هەڵدەدەن و توخمگەلێک لە هەر دوو ئاراستەی دێرینەخوازی و ئامرازخوازی لە خۆ دەگرێت (Brown & Langet, 2010, p. 413). ئاراستەی سازەخواز بەڵگە دێنێتەوە کە شووناسی نەتەوەیی هاوشێوەی شووناسی گرووپەکانی دیکە، ئەو دێرینەخوازانەی کە وەک سیمبۆڵەکانی شووناسی نەتەویی لێیان دەڕوانرێ، پاژەیەکی کۆمەڵایەتی[1] لە خۆ دەگرێت.

ئێتنیکخوازی سیاسی (ماتیل، 1383)، شووناسخوازی ئێتنیکی، بە سیاسی بوونی ئێتنکایەتی پەیوەست بە کۆلۆنیاڵی ناوخۆیی و دابەش کردنی کلتووری کار (Hechter, 1975) و ڕۆڵی پەیوەندییەکان لە خولقاندنی وشیاری ئێتنیکی (سید امامی، 1379) لەو باسانەن کە پەیوەست بە ئێتنکەکان گەڵاڵە کراون و تیۆریسییەنگەلێکی وەکوو هانس کۆهێن[2] و بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئانتۆنی سمیت ڕۆڵی بلیمەتەکانیان لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکاندا شی کردۆتەوە و پەرەسەندنی ڕێژەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و هۆگری زیاتر بۆ لایەنی فوکووس‌خوازی بە هۆکاری دروستبوونی بارودۆخی گونجاو بۆ ئامادە کردنی ئایدۆلۆژیا لە لایەن «ڕووناکبیرانی زانستی» دەزانن. جان ویرویلی[3]یش ناسیۆنالیزم بە بێچمێکی تایبەت و سەرکەوتوو لە

[1] - **Social construction**
[2] - **Hans Kuhn**
[3] - **John Viruili**

سیاسەتە مۆدێرنەکان دەزانێ کە بلیمەتەکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بندەستی چینی دەسەڵات بە کاری دەبەن (احمدی، 1397).

گەشە

هەمەچەشنی تێوریزە کردنەکان لە بارەی گۆڕانکارییە مرۆیی، کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکانی هاوچەرخ چەمکگەلێکی وەکوو کوالێتی ژیان، گەشەی هاوبەشانە، گەشەی بەدیل و ... هێنایە ناو ئەدەبیاتی زانستە مرۆییەکان کە گەشەی کۆمەڵایەتی گشتگیری چۆنایەتی و ناوەڕۆکی لە سەرە. «سەن» گەشە بە «پرۆسەی پەرەسەندنی ئازادی ڕاستەقینە» پێناسە دەکا و گەشە بە هاوواتای «ئامانج و ئامرازی ئازادی» لە قەڵەم دەدا (سەن، 1382؛ 1383؛ Sen) و مایکل تودارو (1366) بە ڕەوتێکی فرەڕەهەند دەزانێ کە پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، شێوازی ڕوانینی گشتی خەڵک و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان و هەروەها خێراکردنی گەشەی ئابووری، کەمبوونەوەی نایەکسانی و بنەبڕ کردنی هەژاریی ڕەهایە (ازکیا، 1379). لە ڕوانگەی پیتەر دۆناڵدسۆنیش[1] گەشە «بەدیهاتنی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هۆگریی و ڕێکخراوەکان بۆ وەدیهاتنی تەواوی ئامانجەکانی کۆمەڵگایە» (غفاری و نیازی، 1386، ل 8) و میسرا[2] لە پێناسەی گەشە پێداگری لە سەر ڕەهەندە کلتوورییەکان کردووە (ازکیا و غفاری، 1389). لە ڕوانگەی برێنشتاین[3]، «تامەزرۆیی بۆ زاڵبون بە سەر بەدخۆراکی، هەژاری و نەخۆشی لە ئامانجەکانی گەشەیە» و لە ڕوانگەی ئایزنشتات[4]، «گەشە دەلالەت لە سەر پرۆسەکانی چاودێر بە سەر ڕاگواستن لە حکومەتە نادیموکراتییەکان بەرەو حکومەتە دیموکراتییەکان دەکات». بە بۆچوونی هانتینگتۆن[5]، «هەرچی ڕژیمێکی سیاسی لە ساکاریەوە بۆ ئاڵۆزی، لە وابەستە بوونەوە بۆ سەربەخۆیی، لە نەرمی‌نەنوێنی بەرەو نەرمی نوێنی و لە لێکبڵاوی بەرەو یەکێتیدا بشکێتەوە، بە هەمان ڕادە ڕێژەی گەشەی سیاسییەکەی زیاد دەکات» (قوام، 1379، ل 86) و بەم شێوەیە کە ڕەهەندە پشتگوێخراوەکانی گەشە سەرنجیان پێ دەدرێ و ئەو کوالێتییە چەمکییەی کە تێیدایە تۆختر دەبێتەوە کە بە پێی ئەوە پێشکەوتن، باشتربوون[6] و چەمکە هاوماناکانی دەکەونە بەر سەرنج و پێداگری لە سەر کلتوورە خۆجێییەکان دەکرێت (هابرماس، 1380؛

---

[1] - **Peter Donaldson**
[2] - **Misera**
[3] - **Bernestein**
[4] - **Eisenstadt**
[5] - **Samuel Huntingyon**
[6] - **Improvement**

باومەن، 1380؛ ماهرویان، 1385). هەروەها گەشە بە واتای کەمبوونەوەی نایەکسانی، هەژاری و بێکاری و هەڵکشانی هاوبەشی و دیموکراسییە کە پێویستی بە هەلومەرجێکی دڵخواز و باشتربوونی کوالێتی ژیانە.

دادپەروەری کۆمەڵایەتی

دەتوانین دانی پێدا بنێین کە گرنگترین هیوای مرۆڤ لە درێژەی مێژوو دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. نادادپەروەری هۆکاری نایەکسانییەکی بێژومار بووە و کەلێنە چینایەتییەکان کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان زیاتر کردووە. بەم پێیە، لە زانستە مرۆییەکان، دیوە جۆراوجۆرەکانی دادپەروەری تاوتوێ کراون و زۆر تیۆری بێژومار دروست بوون، بە جۆرێک کە دەتوانین لە گوتارە لیبرالیستی، نیۆلیبرالیستی، سووسیالیستی، کۆمەڵگاخوازی و ئایینییەکان (ئیسلامی، مەسیحی و ..) ئاماژەی پێ بکەین و بە پێی تیۆری ئەختەری و زوولفەقاری (1396، ل 116 - 119)، گوتارناسی ژێرەوە جێی ئاماژەیە:

چەمکەکان و گوتار	لیبرالیستی	نیۆلیبرالیستی	سووسیالیستی	ڕاوێژی	کۆمەڵگاخوازی	ئیسلامی
مەودای چینایەتی	بوونی مەودای چینایەتی بۆ پێشکەوتن	بە تاوانبارزانینی هەژاران بۆ هەژارییەکەیان	دژی بوونی مەودای چینایەتی	مەودای چینایەتی تا ڕادەیەک کە بۆ پێشکەوتن پێویست بێت.	دژی بوونی مەودای چینایەتی	دژی بوونی هەر چەشنە لێکدژییەکی چینایەتی
دەستێوەردانی دەوڵەت	دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە ئابووریی	کەمبوونەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووری	دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو کاروبارەکان	سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت هەتا ڕادەی کەمبوونەوەی کەلێنی چینایەتی	دەستێوەردانی بەربڵاوی دەوڵەت	کارکردی مامناوەندی دەوڵەت گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی زەمەن
چینە بێبەشەکان	گرنگی نەدان	گرنگی نەدان	گرنگیدان	گرنگیدان	گرنگیدان	گرنگیدان
هەبوونناسی	تاکخوازی	تاکخوازی	کۆمەڵخوازی	تاکخوازی و کۆمەڵخوازی	کۆمەڵخوازی	تاکخوازی و کۆمەڵخوازی
فەلسەفەی ئەخلاقی	قازانجخوازی	قازانجخوازی	ئەرکخوازی	ئەرکخوازی	چاکی تەوەر	ئەرکخوازی چاکیتەوەر
خاوەندارێتی	تایبەتی	تایبەتی	گشتی	گەیشتن بە دادپەروەری دابەشکردن بە بێ هەڵوەشانەوەی	گشتی (خێرە کۆمەڵایەتییەکان)	تایبەتی و گشتی

			خاوەندارێتی تایبەتی			
ئیمکانیات	سوودمەندبوونی نایەکسان	سوودمەندبوونی نایەکسان	سوودمەندبوونی یەکسان	دابەشکردنی یەکسان	دابەشکردنی یەکسان	سوودمەندبوونی یەکسان
جیاوازی داهات	پێویستی هەبوون	پێویستی هەبوون	دابەشکردنەوەی داهات بۆ کەمداهاتەکان	جیاوازی داهات هەتا ڕادەیەک کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا پێویست بێت.	دابەشکردنەوەی داهات بۆ کەمداهاتەکان	جیاوازی داهات نەبێتە هۆی کەڵینی چینایەتی.
ڕکابەری ئابووری	دەرفەتی یەکسانی ڕکابەری ئابووری	ئازادیی کارخولقێنانە و لێهاتوویی تاکایەتی	ناپێویستی ڕکابەری ئابووری ئازاد	هەڵومەرجی یەکسانی ڕکابەری بە هەندێ ئاستەنگەوە	ڕکابەری ئابووری ئازاد	ڕکابەری ئابووری ئازاد
یەکسانی یاسایی	پێشکەوتن بە مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان	گرنگیدانی لە ڕادەبەدەر بە چالاکییە ئابووریییەکان و کەمکردنەوەی مافەکان	یەکسانیی لە هەموو مافە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان	یەکسانی لە ئازادییە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی بنەمای یەکەم	دابەشینی دادپەروەرانەی دەسەڵاتی سیاسی بە واتای دابەش کردنی دادپەروەرانەی دیکەی نیعمەتەکان نییە.	مافی یاسایی یەکسان و جیاوازی لە مافی وەدەستهاتوو گونجاو لە کار و ئەنجامدانی ئەرک

خشتەی ژمارە 3: گوتارناسی لە ڕوانگەی قوتابخانە کۆمەڵناسییەکان

کاتێک باس لە کاری دادپەروەرانە دەکەین واتە کارێک کە ستەمکارانە نییە. بە دوای ئەمەدا کاتێک دادپەروەری بە ئاوەڵناوی کۆمەڵایەتی وەسفکراو دەکەین، واتە لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەبێ بۆ ئەم ناوەڕۆکە بگەڕین کە یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بە جۆرێک دابەزێنرێ کە ستەمی لێ نەکەوێتەوە و دادپەروەری دابین ببێت. بە واتایەک، دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە واتای پاراستنی یەکسانی لە ساختەکاری یاسا و جێبەجێ کردنەکەیەتی؛ واتە ئەوەی کە یاسا، بۆ هەمووان، جیازاتی یەکسان بۆ پێشکەوتن و بە کارهێنانی جیازاتی خۆشگوزەرانی و بڕینی قۆناغەکانی سەرکەوتن ڕەچاو بکات. دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە سۆنگەی جێبەجێ کردن و ئاکارەوە ئەرکی دەوڵەتەکانە. هەر بۆیە دەوڵەت دەبێ لە کردەوەدا، لە هەمبەر تاکەکان جیاوازی و جیاکاری نەنوێنێ و هەڵی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکات (مطهری، 1382، ل 253). دەتوانین بگۆڕەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە دابەزینی هەژاری و بێبەشی، کار، دابین کردنی خواستە سەرەکییەکان (وەکوو خانوبەرە، تەندروستی و پەروەردە)، سەقامگیری نرخەکان

گونجاو لەگەڵ حەقدەستەکان، دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و سامان، سازدانی ئاسایش و دیسیپلین، دابین کردنی مافی هەمەلایەنەی تاکەکان، دابین کردنی کۆمەڵایەتی، و خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی سەیر بکەین.

دەتوانین بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئاماژە بە ڕەهەندەکانی ژێرەوە بکەین: یەکسانی، هاوبەشێتی سیاسی، دادپەروەری ئابووریی، دادپەروەری کلتووری، دادپەروەری یاسایی، دادپەروەری دابەشکردن (پورسعید و هەمکاران، 1391، ل 61). لەم سۆنگەوە، بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بریتیین لە: 1- دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەموو تاکەکان کۆمەڵگا؛ 2- مافی ئازادییە یەکسانەکان بۆ هەموو کەس؛ 3- هەڵی دەستپێڕاگەیشتنی یەکسانی هەمووان بە دەرفەتە ئابوورییەکان؛ 4- نایەکسانییە ئابوورییەکان لە هەلومەرجی دەرفەتی بە ئەوپەڕ گەیشتنی سامانی هەژارترین چینەکان (همتی، 1386).

تیۆری دادپەروەری جان ڕاوێڵز دوو بنەمای گرنگ و کلیلی لە خۆ دەگرێ: یەکەم مافی یەکسانی هەر کەسێک لە هەمبەر بەربڵاوترین ئازادی لە ڕێکخراو یان کۆمپانییەکی کۆمەڵایەتی و دووهەم بێشێوازی نایەکسانییەکان، مەگەر ئەوەی کە نایەکسانییەکان بە قازانجی هەمووان بێت.

ئەنجام و دەستکەوتەکان

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، چەمکی شووناس / ئێتنیکایەتی دادپەروەریتەوەر و گەشەیانە گوزارشتە لە هەلومەرجی بۆشایی کارکردی دەوڵەت، ئەنجامێک کە زیاتر تەبایی نەتەوەیی لە گەیشتن بە دادپەروەری نێوانئێتنیکی دەزانێ کە لە ژێرەوە دیوەکانی تاوتوێ کراون.

ئابووری خۆجێیی ئێتنیکەکان

لە کۆنەوە، بژێوی زۆرینەی خەڵکی ئێران لە ڕێگەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە دابین دەبوو و تێپەڕینی جادەی هاوڕێشم لە ئێران بڕەوی بە پیشەی بازرگانی لە شارەکانی ئێران دا.

لە ئێستادا ناوچە ناوەندییەکانی ئێران، کە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکانی فارس زمانە، خاوەن زیاترین پشک لە کەرتی پیشەسازیین[1]. هەروەها بەدەر لە کەرتی پیشەسازی، لە ناوچەکانی ناوەندی ئێرانیش، کشتوکاڵی

[1]- پشکی پیشەسازی ناوچە ناوەندییەکانی ئێران بەم شێوەیە: پاریزگای نیسفەهان (41.4 لە سەد)، ئەلبورز (44 لە سەد)، تاران (37.3 لە سەد)، چوارمەحاڵ و بەختیاری (39.6 لە سەد)، قووم (43.4 لە سەد)، مەرکەزی (40.3 لە سەد)، و یەزد (47.8 لە سەد).

بەروبوومی پرداهاتی وەکوو فستق و زافەران برەوی هەیە و هەر بابەتەش وای کردووە ئەم ناوچانە لە بەرهەمی پوختنەکراو خاوەن پشکێکی زۆر بن.

ئابووری ناوچە کوردنشینەکان لە سەر بنەمای کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و باغداریيە، بەڵام بە هۆی سەرسنووربوونی ئەم ناوچانە، بازرگانی سنووری (لە حاڵەتی یاساییەکەی) و کۆڵبەری (لە حاڵەتی نایاساییەکەی) لەوێ پەرەی سەندووە.

ئابووریی ناوچە تورکنشینەکان لە سەر بنەمای کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و کارخانە و پیشەسازیگەلی وەکوو تراکتۆرسازیی، پترۆشیمی، ئۆتۆمبێلسازی، پۆڵا، و ... هـ.

ناوچە عەرەبنشینەکان خاوەن پێگەی پەیوەندیی و سنووریی دەریایین کە بۆتە هۆی پەرەسەندنی بازرگانی و بازرگانی نێودەوڵەتی بەندەر و تڕانزێتی دەریایی لەم ناوچانە. بەدەر لەوە، لەم ناوچانەدا سەرچاوەی نەوتداری زۆر بوونی هەیە.

لە ناوچەی بەلووچستان، میوەی ئوستووایی و گەرمیانی وەکوو خورما، مۆز، مزرەمەنی، ئەنبە، پاپایا، چیکۆ، فستق و تریێ دەکێڵدرێ و بازاڕی تایبەتی هەیە. هەروەها پیشەی عەشایرەکان سارەوانییە و لە هەندێ ناوچەش پیشەی گۆڕینی بێچمی گرتووە.

دەبێ بڵێین بە گوێرەی داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوە، بەشی سەرەکی داخوازییە سیاسییەکانی ئێتنیکە ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی چڕبووی ئابووریيەک کە بۆتە هۆی بێچمگرتنی ناوەند – دەوروبەر و جۆرێک ناڕەزایەتی لە دژی کەلێنی ئابووری و بژێوی بەرهەمهاتوو لە سیاسەتە ئابووریيەکانی ناوەند لە لێدوانەکاندا خرایە ڕوو کە پشکی ئابووری پەراوێزی ئێران (ئێتنیکە ئێرانییەکان) بە دادپەروەرانە نازانن.

دادپەروەری شووناسی (نەتەوەیی - ئاینی)

سەرەڕای بوونی دوو حاڵەتی نەتەوەیی یان ئاینی، ئاراستەی دادپەروەرتەوەر پێداگری لە سەر پابەندی ئێتنیکە جیاوازەکان بۆ چەمکی نەتەوە و چوارچێوەی شووناسی نەتەوەیی ئێرانی دەکات.

> ئێمە ئێرانییەکان زمانمان بنچینەیەکی هەیە جگە لە زمانی عەرەبی. هەمووی بنچینەی پەهلەوی هەیە. پەهلەوی ئاقێستایی، یەکێ پەهلەوی ئەشکانییە، یەکیان پەهلەوییە؛ کۆن یان ئاقێستایی.
>
> *عەزیز نێعمەتی، شاعیر و زمانناس لە ورمێ*

هۆگرییە ئاینییەکان دژی پرسە نەتەوەییەکان نین. بەڵام ئەگەر لە هەندێ جێدا تووشی ناکۆکی هاتن، خەسار هەڵگری پرسە ئاینییەکان لە پرسە ئێتنیکی و شووناسییەکان زیاترە.

جەواد حەساری، ڕۆژنامەوان و چالاکڤانی سیاسی – کۆمەڵایەتی لە مەشهەد

وەک لە چارتەکانی ژێرەوەدا هاتووە، توێژەر ڕادەی پەیوەندیی ئێتنیکییەکانی ئەندازە گرتووە و بە پێی ئەنجامی لێدوانەکان، 53.9 لە سەدی بلیمەتەکان ڕایانگەیاند کە پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە هەیە و 28.9 لە سەدیشیان وتیان کە پەیوەندییەکی کەمتریان هەبووە. لە کۆی گشتی خەڵکدا، پەیوەندیی ئێتنیکی کەمتر بوونی هەیە و 55.4 لە سەد وتیان کە هیچ پەیوەندییەکیان نەبووە و 37.3 لە سەدیان پەیوەندییەکی کەمیان بووە.



هێڵکاری ژمارە 1: پەیوەندییە ئێتنیکی – هەڵکەوتەکان



هێڵکاری ژمارە 2: پەیوەندییە ئێتنیکی – خەڵکی گشتی

بە گوێرەی بۆچوونی زۆرێک لە بەشداربووان، شووناسی نەتەوەیی لە ئێران دوو لایەنی بنەڕەتی ئێرانێتی و مەعنەوییەت (ئاین) لە خۆ دەگرێ کە بە وتەی یەکێک لە دیمانە لەگەڵکراوان، «هەر دوو دەبێ بپارێزرێن و ئەگەر ئێمە پاش شۆڕش جۆرێک لە خۆگۆڕانی کلتووری یان نامۆیی کلتووریمان هەیە هەر ئەوەیە کە ئێمە ئیسلامێتیمان خراپ بە منداڵی دوای شۆڕش فێر کردووە و لە ئێرانێتی هیچ فێر نەبووین.»

بەشێک لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پەیوەست بە سیمبۆلە شووناسییەکانە. لەم بارەوە دەبێ بڵێین سێ ڕیزی سیمبۆلی یەکپارچەبەخشی ئێرانی نێوانئێتنیکی بوونی هەیە؛ بەشێک لەم سیمبۆلانە وەکوو نەورۆز، چوارشەمە سوورە، مێهرەگان، یەلدا و ... کۆنن. بەشی دووهەمی سیمبۆلەکان وەکوو جەژنە ئاینییەکان، قوربان و غەدیر خووم، لە دایکبوونی پێغەمبەر و شەهید بوونی ئیمامانی ئەهلی شێعە ئاینیین و بەشی سێیەم سیمبۆلگەلی وەکوو ساڵوەگەڕی ڕۆژانی دەیەی فەجر، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، 13ـی ئابان، ڕۆژی قودس، ئاڵا و ماڕشی کۆماری ئیسلامی و ... حکوومەتین و پەیوەستن بە سەردەمی کۆماری ئیسلامییەوە.

داتاکان گوزارشتن لە پێویستی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکان، جەژنەکان و بۆنە کۆنە ئێرانییەکان (کۆرش، ئاهەنگەکانی مێهرەگان، سەدە و ..). و هەروەها دیکەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و ئاینزا ناشێعە ئێرانییەکان و دیمانە لەگەڵکراوان لە سەر بەڕێوە بردنی ئەم ڕێوڕەسمانە پێداگری دەنوێنن، بە جۆرێک کە بەڕێوە بردنی ئەم ڕێوڕەسمانە هاوتا لەگەڵ ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی ئەهلی شێعە (موحەڕەم، سەفەر، جەژنە شەعبانییەکان و ..). ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی وێنای ئایدۆلۆژیایی بوونی سیاسەت و زاڵێتی ڕوانگە ئاینییەکان (شێعە) و سڕینەوەی کەمینە ئاینی – ئاینزایی لە سەر سیمای کۆمەڵگا نەمێنێت.

بەداخەوە بە هۆی ئەوەی حکوومەت لە دەستی یەک ئاینزایە و تێدەکۆشێ کە ئەم ئاینزایە لە هەموو داب و نەریت و ڕێوڕەسم و کۆبوونەوە و ڕێکخراو و ئۆرگانە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان دابەزێنرێ، ئەوەیە کە کوردەکان لەم ڕووەوە هەست بە هەڵاواردن دەکەن و ئەم کەلێنە ئاینییە وای کردووە کە زۆرێک لە بەهرەکانی ئەهلی سوننە لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری ئێران لە ناو بچێ و من پێم وایە ئەم کەلێنە ئاینییە گەورەترین بەربەستی بەر دەم گەشەی ئێران بەتایبەت لە گەشە و پێشکەوتنی کوردانی ئەهلی سوننەیە.

جەلال جەلالی زادە، چالاکی ئاینی – سیاسی لە سنە (کوردستان)

هێڵکاری ژمارە 3 و هێڵکاری ژمارە 4 کەلێن و هەڵاواردنی ئاینی لە ڕوانگەی بەشداربووانی بلیمەت و گشتی پیشان دەدەن.



هێڵکاری ژمارە 3: کەلێن و هەڵاواردنی ئاینی – هەڵکەوتەکان



هێڵکاری ژمارە 4: کەلێن و هەڵاواردنی ئاینی – خەڵکی ئاسایی

لایەنە کلتوورییەکانی دادپەروەری نێوانئێتنیکی

بە پێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، فارسزمانان بە مەبەستی پێناسەی بنەمای شووناسی خۆیان زیاتر ڕوانگەی جیهانی و ئەوپەڕخۆجێییان هەیە و زۆربەی تایبەتمەندییە نەریتییەکانیان دیسان دروست کردووەتەوە و تەنانەت گۆڕیویانە، بەڵام دیکەی گرووپە ئێتنیکییە توێژینەوە لە سەر کراوەکان، واتە کوردەکان، ئازەرییەکان / تورکەکان، بەلووچەکان و عەرەبەکان لەم بارەوە ئاستی قبووڵ کردنیان زیاترە.

> بنەمای هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە هەموو داب و نەریتی ئێتنیکەکەی بپارێزێ و بەم شێوە درێژە بە ژیانی بدا و خۆی بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنێت ... بۆچی نابێ من جلوبەرگ و داب و نەریتی ئێتنیکی خۆم بپارێزم؟
>
> *مەلا ئەحمەد بارامی، چالاکی ئاینی – کۆمەڵایەتی لە جوانڕۆ (کرماشان)*

دیمانە لەگەڵ کراوانی گرووپە ئێتنیکییەکان پێیان وایە کە دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران لە سەردەمی مەشرووتە بە دواوە لە بارەی زمانی دایکی ئێتنیکەکان ئاراستەیەکی دادپەروەرانەیان نەگرتۆتە بەر و بە فەرمی ناسینی زمانی فارسی، ڕێخۆشکەرییان بۆ بێبەشبوون لە فێربوونی زمانی دایکی کردووە.

> لە مافی خوێندن بە زمانی دایکی بێبەشین ... و ئەمە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتیشدا هاتووە، بەڵام نەهاتۆتە دی.
>
> *سەعدوون مازووچی، چالاکی مەدەنی و سیاسی لە مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)*

بەم پێیە، 85.9 لە سەدی بلیمەتەکان، و 63.9 لە سەدی بەشداربووانی گشتی توێژینەوە لە سەرکراو پێیان وایە پەروەردە بە زمانی دایکی مافێکی ڕەوا و یاساییە. هەروەها 14.1 لە سەدی بەشداربووانی بلیمەت و 15.7 لە سەدی بەشداربووانی گشتی دژی ڕەوادارکردنی پەروەردە بە زمانی دایکی بوون.



هێڵکاری ژمارە 5: ڕەواداری خوێندن بە زمانی دایکی – کەسانی تایبەت



هێڵکاری ژمارە 6: ڕەواداری خوێندن بە زمانی دایکی – کەسانی گشتی

ئەگەر ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان و ئێتنیکە ئاینییەکان لە گرنگترین بواری ستراتیژی و سنووریی هەر وڵاتێک جێگیر ببن و ڕێگەی چەتوونی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەوان لەو دیو سنوور و لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی کاریگەری و دەسەڵاتی نەتەوەیی بێ، لە سۆنگەی پەیوەندیی ئەم ئێتنیکانە بۆ دەرەوەی سنوورەکان، هەر چەشنە چالنج و قەیرانی دەرەکی زۆر بە ساکاری ئاودیوی سنوورەکانی ناوەوە دەبێ و توانای چاودێری دەوڵەت بە سەر ئەم ناوچانەدا زۆر کەم دەبێتەوە. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەش گوزارشتە لە ڕوانینی بەردەوامی گرووپە ئێتنیکییەکان بۆ سنوورەکانی دەرەوە و گرووپە هاوئێتنیکییەکانی خۆیان لەو دیو سنوورەکان.

شێوازی تونداژۆیانە و سەرکووتکارانەی دەسەڵاتداران لە ئێران لە هەمبەر بزاڤی شووناسخوازانەی ئێتنیکەکان هۆکاری شۆڕش و سەرکێشییە کۆمەڵایەتییەکان بووە و دەبێت. هەر بەم پێیە، جێی خۆی بوو کە دەسەڵاتداران پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەیەکی ناڕەزایەتییانە، گوێیان بۆ داخوازی گرووپە شووناسییەکان، کە لە ناخی کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵن، ڕاگرتبا و بە وتووێژ و دانوستان، زۆرێک لەم داخوازییانەیان چارەسەر کردبا، کارێک کە دەبێ بچێتە بواری جێبەجێ کردن بۆ ئەوەی بگەینە تەبایی و یەکپارچەیی نیشتمانی.

گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و گەشە

فۆکووسخوازی زۆری دەوڵەتە هاوچەرخەکان، جگە لە هاوئاراستەیی ڕێکخراو و ناوەند و ئێن جی ئۆ لەگەڵ بەرژەوەندییە دەوڵەتییەکان، ڕێگەی بۆ هیچ بواریکی کارکردی دیکە خۆش نەکردووە و لە کۆتاییدا ناکارامەیی گشتی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی وڵات و گرووپە ئێتنیکییەکانی لێ کەوتۆتەوە.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ڕێکخراوە خۆجێیی / دەوڵەتی / نیمچە دەوڵەتییەکان لە ئێران هێشتا نەیانتوانیوە لە پێناو کارکردە پێناسە کراوەکان بچەسپێنرێن. فۆکووس‌خوازی و سەرترسالاری لە ئاستەکانی ناوەند، پارێزگا، و شار و لە دەقی یاسا و هەڵبژاردن و بە کارهێنانی بەڕێوەبەران و ... ، دەوری خەڵک و هەمەجۆری کلتووری و هزری ئەوانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاڵتر کردووەتەوە و لە ئەنجامدا ناوشیاری و لاوازی لە چارەسەر کردنی کێشە یان ئیمکانی بەرنامەڕێژییە کارامەکاندا بەدی دەکەین و دەبینین کە بە پێی ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم پێکهاتە لاوازکەرانە، گرنگترین پرۆژەی گەشەی سیاسی دەوڵەتی چاکسازییەکان (ئەنجوومەنی ئیسلامی شار و گوند، 1377ـی هەتاوی) گەیشتە لەمپەر و لە جیات ئەوەی ئەم ئەنجوومەنانە شوێنی داخوازی خەڵک و هێزە ڕاوێژکاری و بەرنامەڕێژی بن بوونەتە شوێنێک بۆ ڕانت، گەندەڵی، پشکخوازی و ... کە لە کلتووری ئێستای کۆمەڵایەتی / سیاسی / ئابووری و ... چەسپێنراوە.

ڕێکخراوە ئێن جی ئۆکانیش کە دەتوانن ڕێژەی بەشداری خەڵک بەرز بکەنەوە، خەریکە دەبنە بەشێک لە پارادایمی نوێی گەشە یان دیسیپلینی نوێی جیهانی لە دنیای ئەوڕۆدا (Gosh, 2009). بەشداری ڕێکخراوە ئێن جی ئۆکان لە گەشەی خۆجێیی وەک ڕێکخراوی خۆبەشخانە و نابەرژەوەندییانە گوزارشتە لە بوونی فۆکووس‌سڕینەوە، پێڕاسپاردنی دەسەڵات لە بڕیاردان و بەڕێوە بەرایەتی خۆجێیی و بارودۆخی ناچالاک و بێهیواکەرەوەی پێداون.

> هەر ئەم ئابووریە بەڕێوەبەرایەتییەکی دووسەری هەیە؛ لایەنێکی 65 بۆ 70 لە سەدی دەسەڵاتی پێیە و زۆربەی ئەم دەستە درێژانە هی ئەوە و وڵامی کەس ناداتەوە. بەشێکی تری، واتە، 30 بۆ 35 لە سەدی دەستە درێژەکان، لە ڕێگەی خەڵکەوە دەستنیشان دەکرێن و ئەوانیش تەواو شیاوی کۆنترۆڵ نین. ئەو کاتە جێی داخە کە ئەو 35 لە سەدەش بچێتە پاڵ 65 لە سەدەکە، بۆ وێنە گەندەڵی شارەوانی.
>
> *ئامۆلی، ڕۆژنامەوان لە مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی)*

جیا لە ئیدارە و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان (هێزی جێبەجێکار)، ڕێکخراوەکانی ئەنجوومەنی شار و شارەوانیش بە باوەڕی خەڵک نە تەنیا کارکردێکی ئەرێنییان نییە، بەڵکوو تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا، ئاستەنگی بەر دەم گەشە بوون و خۆیان هۆکارێک بوون بۆ گەندەڵی ئابووریی و ئیداریی، بە چەشنێک کە ئاستی متمانەی گشتی خەڵک بەوان زۆر دابەزیوە و لە ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی خۆیان لایان داوە.

لە ئێران، چڕبوونەوەی حەشیمەتیی لە سەر ئاستی چەند شاری وڵات و لە سەروویانەوە تاران پیشاندەری ناهاوسەنگی ناوچەیی و چڕبوونەوەی خەستی حەشیمەت لە چەند شوێنە. تاران بە تەنیا پتر لە 20 لە سەدی حەشیمەتی کۆی خەڵکی لە خۆ گرتووە. بەم چەشنە دیاردە دەڵێن ماکڕۆسفالیزە بوون، بابەتێک کە نایەکسانی لێ دەکەوێتەوە و دابەشنەبوونی گونجاوی جیازاتی بە دواوەیە و فۆکووس کردنی هێزی مرۆیی و سەرمایە ئابووریییەکان لەم ناوچانە بۆتە هۆی بێبەشبوونی دیکەی ناوچەکان لە سەرمایەکان و تا دێت پەرە بە کەڵێنی نێوان شارەکان دەدرێ، بابەتێک کە پاش تاران، ناوەندی پارێزگاکان و گەورە شارەکانی ئێران دەگرێتەوە.

دابەشکردنی پیشە، بەرهەمهێنان و سامان لە ئێران دادپەروەرانە نییە، بەڵکوو زۆر ستەمکارانەیە. کەسێک ئابووریی گرتوتە دەست کە نەزانە. ئەمانە بە ئەنقەستانە و زانایانە ئەم کارە دەکەن. ئێوە بە بینین، ئابووریی ئەم ناوەچەتان بۆ دەردەکەوێ کە لە هەموو لایەکەوە، شێعە و ناکوردەکان بەڕێوە دەبەن و کوردەکانیان لە ئاستە نزمەکاندا ڕاگرتووە.

محەمەد حسێنی، چاڵاکی ئایینی و کلتووری لە سنە (کوردستان)

دەتوانین لە داتاکانی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە، چوار وتەزای گشتی لە مەڕ هۆکارەکانی گەشە نەسەندنی ناوچە جۆراوجۆرە ئێتنیکی و تەنانەت گشتێتی کۆمەڵگای ئێرانی هەڵێنجێنین کە بریتییە لە: «بێیاسایی و گەشە نەسەندن»، «گەشە نەسەندن و خوو و خدەی ئێرانییەکان»، «شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی و گەشە نەسەندنی ئێران»، و «عەقڵانییەت و گەشە نەسەندن».

دەبێ بڵێین زۆربەی پڕۆژە تازە دروستکراوەکانی سەدەی ڕابردوو تووشی شکست هاتوون و ئەوڕۆکە دەرکەوتووە کە گەشەیەک بەردەوام دەبێ کە لە سەر بنەمای کاروباری خۆجێیی و خۆماڵی بنیات نرا بێت. هەر بەم پێیە، بوونی ڕێکخراوی خۆجێیی بۆ دەرچوون لە فۆکووسخوازی دەوڵەتی، بێچم گرتنی هەرەوەرزییە خۆجێیی و ناوچەییەکان و پاراستنی وردی هەرەوەرزی لە کلتووری نەریتی بۆ گەیشتن بەم پرسە گرنگە پێویست دەکات.

دادپەروەری میدیایی

حەقیقەتی میدیای نیشتمانی لە پێناو پاوانەی کلتوورییە و دەتوانین لە ژێر ناوی میدیای دەسەڵات سەیری بکەین. ئەو ئەنجامانەی کە لەم بەشەدا وەدەست هاتوون شیاو نەبوونی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ئێتنیکەکان دەردەخا و یەکێک لە ناڕەزایەتییەکانی ئێتنیکەکان و بەتایبەت کۆمەڵگای ئەهلی سوننە، وەک گەورەترین کەمینەی ئایینی وڵات، نەبوونی ناوەندی ئاینی لە ناوەندی پارێزگاکان و بەتایبەت شاری تارانە کە بەرنامە میدیاییەکان لە پێناو پشتڕاستکردنەوەی کارکردی حکوومەت لەم بوارە بووە.

تاوتوێ کردن و شیکاری ناوەڕۆکی بەرنامە میدیاییەکان بە باوەڕی دیمانە لەگەڵکراوان پیشاندەری جۆرێک ناڕەزایەتی ئاشکرا و شاراوەی گرووپە ئێتنیکییەکان بەرامبەر بە کارکردی میدیا چالاکەکانی وڵاتە، چوونکە بە باوەڕی ئەم گرووپە، میدیا دەنگی و ڕەنگی ناوخۆیی لە پێناو هاوڕەنگی و یەکەدستکردنی ئێتنیکە ئێرانییەکان هەنگاو دەنێ و فارس زمانان ڕەزامەندییەکی زیاتریان لە کارکردی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگ هەیە. هەڵبەت بە باوەڕی دیمانە لەگەڵ کراوان، کەناڵە دەنگی و ڕەنگییە پارێزگارییەکانیش لە چاو دەنگ و ڕەنگی نیشتمانی کارکردێکی باشتریان نییە.

هێڵکاری ژمارە 7 و هێڵکاری ژمارە 8 ئاستی ڕەزامەندیی لە بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگ لە بەشی پارێزگایی و نیشتمانی پیشان دەدەن.



هێڵکاری ژمارە 7: ئاستی ڕەزامەندیی لە دەنگ و ڕەنگ – کەسانی هەڵکەوتە



هێڵکاری ژمارە 8: ئاستی ڕەزامەندیی لە دەنگ و ڕەنگ – خەڵکی گشتی

بێگومان لە بارودۆخی سەنسۆر و کۆنترۆڵی میدیاکاندا، بەردەنگەکان ئەکتیف دەبن و بە گەڕان بە دوای دیکەی میدیا هاوئاراستەکان بۆ بەدیل دەگەڕێن. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی دیمانەی گرووپە جیاوازە مێتنیکییەکانیش ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە.

> سوود لە بەرهەمی کلتووری سایبری و میدیایی جیهانی عەرەب وەردەگرین و کاریگەری لە سەر ژیانمان بووە، لە پرۆسەی ناولێنانەوە هەتا تیپ و جلوبەرگ و مۆسیقا و قسەی سەر زار.
>
> *قاسم ئال کەسیر، توێژەر و چالاکی ئێتنیکی لە خووزستان*

دادپەروەری ئابووریی

لە ئێران، ئێتنیکەکان، پشکی ناهاوسەنگ و نادادپەروەرانەیان لە ئابووریی وڵاتدا بەر کەوتووە. بەشی سەرەکی پیشە قورسەکانی وەکوو کۆمپانیای پۆڵا، ئۆتۆمۆبێلسازی، پترۆشیمی، و ... زیاتر لە ناوەندی وڵات و لە پارێزگا فارس زمانەکاندا چڕ بووەتەوە. زیاترین پشکی کەرتی پیشەسازی تەرخانی پارێزگاکانی ئیسفەهان (41.4 لە سەد)، ئەلبورز (44 لە سەد)، تاران (37.3 لە سەد)، چوارمەحاڵ و بەختیاری (39.6 لە سەد)، قووم (43.4 لە سەد)، مەرکەزی (40.3 لە سەد)، و یەزد (47.8 لە سەد) کراوە[1]. بەدەر لە کەرتی پیشەسازی لە ناوچە ناوەندییەکانی وڵات، لە کەرتی کشتوکاڵ، لەم ناوچانە، بەروبوومی پرداهاتی وەکوو

[1]- خبرآنلاین، کۆدی هەواڵ 375259

فستق و زافەران دەکێڵدرێ و هەر ئەمەش وای کردووە کە ناوچە فارس نشینەکان لە بەرهەمهێنانی ناپوختە پشکێکی زۆریان بەرکەوێت.

ئێمە لە پارێزگاکەماندا دوو دەسەڵاتمان هەیە؛ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی کۆماری سیستانی. بەڵێنیان لێ وەرگرتووم چیتر ئەم کۆماری سیستانییە نەڵێمەوە، بەڵام دەیڵێم. چینێک لە پارێزگا بە زۆرینەی 2 لە سەدەوە کۆمارێکی پێکهاتووە لەم ڕێژە ڕووداوە یەکپارچەخوازەیە کە بە هۆی ئاینیی بوونەوە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی پاش شۆڕش دەسەڵاتی سیاسی، ئابووریی، ئیداریی و هەموو شتێک لەم پارێزگایە کەوتە دەستیان. ئێمەی بەلووچ لێیان بێزارین. بۆچی دەڵێم کۆماری سیستانی، چوونکە هەموویان کۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو 98 لە سەدەی دیکە بکەنە ژێر چەپۆکی خۆیان، ناکۆکی بنێنەوە، بەلووچی داماو وەک دژەشۆڕش بخەنە پەراوێزەوە و سەرمایەدارەکانیان لە ئیدارەکاندا کە لە بندەست خۆیانە دڵسارد بکەنەوە و وڵامیان سڵاویان نەدەنەوە.

عەبدولسەلام بوزورگ زادە، بەرنامەسازی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)

بارودۆخی ئابووری ئێتنیکەکان لە ناو پارێزگا فرەئێتنیکەکانی وەکوو سیستان و بەلووچستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا ناهاوسەنگتر و نادادپەروەرانەترێشە. بۆ وێنە، پشکی هەرە زۆری ئابووری وڵات بۆ سیستانی و ئازەرییەکان / تورکەکان لە چاو بەلووچ و کوردەکان تەواوکەری پێگە نایەکسانەکانیان لە بواره سیاسی و ئابووریيەکانە.

ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بە هۆی بارودۆخی جوگرافیایی سنووریی و ڕوانگەی ئەمنییەتی سەریان لە سۆنگەی پیشەسازییەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان نییە. ئەم ناوچانە بارودۆخی ئابووریی گونجاویان نییە و بە هۆی نەبوونی ژێرخانی ئابووری و نەبوونی کارخانە و سەرمایەگوزاری لە کەرتی پیشەسازی، ئاماری بێکاری بۆ حەشیمەتی چالاکی ئەم ناوچانە زۆرە و زۆربەی پیاوان بۆ دابین کردنی بژێوی ناچارن دەست بدەنە ئیشی ساختەکارانەی وەکوو قاچاخ و کۆڵبەری.

بە گوێرەی ئەنجامی داتای بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە، 89.8 لە سەدی بلیمەتەکان و 81.9 لە سەدی خەڵکی گشتی لەو باوەڕەدان کە هەلی پیشەیی لە ناو ئێتنیکەکاندا بە ڕێژەی یەکسان دابەش نەبووە و تەنیا 10.2 لە سەدی بلیمەتەکان و 8.4 لە سەدی گشتی لەو بۆچوونەدان کە هەلی یەکسان لە ناو ئێتنیکەکاندا لە بواری پیشەدا هەیە.

ئامارەکان گوزارشتن لە بارودۆخی ئابووریی، پیشەیی و خۆشگوزەرانی باشتری ئێتنیکی ئازەری / تورک و ئەم ناوچە لە ڕووی بەرهەم هێنانی بەروبوومی شیرەمەنی و پڕۆتینی پشکی هەرە زۆری بۆ خۆی تەرخان کردووە. هەڵبەت پشکی کارخانەکان و پیشەسازییە گەورەکانی وەکوو تراکتۆرسازی، پترۆشیمی، ئۆتۆمبێلسازی، پیشەسازی پۆڵا و دیکەی پیشەسازییەکان لەم ناوچانەدا زۆرە.

پێگەی تڕانزێتی و سنووری دەریایی شارە عەرەبنشینەکانی پارێزگای خووزستان و هورمزگان بۆتە هۆی پەرەسەندنی بازرگانی نێودەڵەتی. هەروەها نەوتدار بوونی ناوچە عەرەبنشینەکان و بوونی پیشەسازی گەورە ڕاکێشانی هێزی کاری لە سەرتاسەری ئاستی وڵاتی لێ کەوتۆتەوە. ئەم بارودۆخە تا ڕادەیەک دیمۆگرافیای ئێتنیکی ئەم ناوچەشی تێک داوە و ئێتنیکە جۆراوجۆرە ئێرانییەکان بۆ دەستخستنی هەلی کار لەم ناوچانەدا گیرساونەتەوە، بەڵام بارودۆخی گشتی خەڵکی عەرەبی خۆجێیی ئەم ناوچانە لە سۆنگەی ئابوورییەوە لە ئاستێکی نزمدایە.[1]

> لە پارێزگایەکدام کە ئاو و نەوت و گازی هەیە. لێرەدا نابێ باسی بێکاری واتای هەبێت، هەژاری دەبێ زۆر کەم بێ، بەڵام دەبینین کە بێبەشی و هەژاری لە گوند و پەراوێزی شارەکان زۆر ترسناکە. ڕەنگە لە دیکەی پارێزگاکانیش هەر ئەوە بێ، بەڵام ڕوانگەی ئێمە ئەوەیە کە لە سەر سامان و نەوت خەوتووین، بەڵام هەژارین.
>
> *باسم حمادی، چالاکی سیاسی – کۆمەڵایەتی، چالاکی مافەکانی کرێکار و نووسەر لە ئەهواز (خووزستان)*

بارودۆخی ئابووری بەلووچستان زۆر لاوازە و لەم ساڵانەی دواییدا، دانانی کارخانە و سەرمایەگوزاری لەم پارێزگایەدا بەدی نەکراوە، لە لایەکی دیکەشەوە، سنووریان داخستووە و مامەڵەی ئابووریی و کلتووریی لەگەڵ ئەو دیو سنوور ئەنجام نادرێت. هەر بۆیە لەم پارێزگایەدا قاچاغی کاڵا و هەژاری هەمەگیر بووە. سەرەڕای ئەوەی لە ڕابردوودا سیستان و بەلووچستان وەک کۆگای دەغڵ و دانی ئێران دەهاتە هەژمار، بەڵام ئێستا زەوییە کشتوکاڵەکانیان وشکە.

[1] - **www.citypedia.ir**

... ئابووریی لە سەر ئاژەڵداری، کشتوکاڵ و پیشەسازی دادەمەزرێنن، بەڵام ئێمە لەم پارێزگایەدا شتێکمان نییە ناوی پیشەسازی بێت. بڕیار وا بوو زابۆل بکرێ بە ناوەندی کشتوکاڵ، بەڵووچستان بکرێ بە ناوەندی پیشەسازی و زاهیدان ببێتە ناوەندی زانکۆیی. زابۆل ئێستا هیچی نییە. ئێستا ئێوە بڵێن لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا کارخانەیەک بۆ زابۆل دانرا بێ، ئەوە من بێدەنگی هەڵدەبژێرم. خەڵک لە ڕێگەی گازوائیل و بەنزینەوە بڕە پارەیەکیان دەست دەخست. دیواری سنووری دانراوە و ناتوانن ئەو کارەش بکەن. ئێستا ئێمە لەم دیو دیوارەکەین نە دەتوانین بچینە ئەو دیو و نە ئەم دیو.

محەمەد بەهاری، مامۆستای زانکۆ لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)

هێڵکاری ژمارە 9 و هێڵکاری ژمارە 10 ئاستی هەستی نایەکسانی لە ناو ئێتنیکەکان پیشان دەدەن. 90.6 لە سەدی بلیمەتەکان و 88 لە سەدی خەڵکی گشتی پێیان وایە ئێتنیکەکان لە ئێران بە هۆی نایەکسانی ئابوورییەوە دەناڵێنن.



هێڵکاری ژمارە 9: ئاستی هەست کردن بە لێکترزان و هەڵاواردنی ئابووریی – هەڵکەوتەکان



هێڵکاری ژمارە 10: ئاستی هەست کردن بە لێکترزان و هەڵاواردنی ئابووریی – خەڵکی گشتی

لە دیمانەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوە وا دەردەکەوێ کە سەرەڕای پتانسیێلە سرووشتی و مرۆییەکان هەر کام لە ناوچە ڕووماڵکراوەکان و سەرچاوە و کانزا دەگمەنە جیهانییەکان، دەوری دەوڵەت لە دەستپێکردن و درێژەدان بە چالاکییە گەشەییەکان لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبووە.

میلیتاریزمی سیاسی لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووهەم لە ئێراندا بنجی داکووتاوە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا درێژەی کێشاوە.

> خوێندکاری دکتۆرام هەیە بە هۆی ئەوەی لە ئۆرگانێکەوە هاتووە خۆی دانی پێدادەنێ کە هیچ نازانێ و منیش ناچارم دەرەجەی پێ بدەم.
>
> *مێهری پاکزاد، ئەندامی لێژنەی زانستی زانکۆی ئازاد لە مەهاباد (ئازەربایجان ڕۆژاوا)*

ئەو بەڵگانەی کە لە سەر بنەمای سوودمەندبوونی میلیشیاکان لە ڕانتە جۆراوجۆرەکانن گوزارشت لەوە دەکەن کە میلیتاریزم دزەی کردووەتە ناو جوومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و بیانوگەلی وەکوو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، دیسیپلینی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ... بۆتە هۆی پەرەسەندنی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی ئیداری و ئابووریی.

سڕینەوەی کلتوورەکان

لە هەلومەرجی هەمەچەشنی ئێتنیکی و کلتووریی، ئەوە جۆری بەڕێوەبردنی هەمەچەشنی ئێتنیکی – کلتووریيە کە مەترسیداریی یان دەرفەتداربوونی دیاری دەکا، بەڵام زۆر جار بەرژەوەندیی ڕەوتێکی تایبەت لە ناو حکوومەتەکان و لاوازییان لە بەڕێوە بردن، هەمە چەشنییە ئێتنیکی – کلتووریيەکان بەرەو سڕینەوە دەبات.

بەشێک لە داتای بەشداربووانی ئەم توێژینەوە لەقاوی پاوانەی کلتووری ئێتیکی فارس دەدا کە لە پێناو یەکدەستکردنی کلتووری[1] بۆتە هۆی لە ناوچوونی سەرمایەی کلتوری ئێرانی و لاوازبوونی بەرفراوانی کلتووریی. ئەم بابەتە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە لایەن ئازەرییەکان / تورکەکان بە شێوەی دووقات بە سەر کورد و دیکەی گرووپە کۆمەڵایەتی دەسەپێنرێ، بە جۆرێک کە هەندێ لە بەشداربووانی لێکۆڵینەوە دێڕی کلۆنیاڵی ناو کۆلۆنیاڵ بۆ ئەم بابەتە بە کار دەبەن.

بە باوەڕی دکتۆر ئەسعەد ئەردەڵان (توێژەر، مامۆستای زانکۆ و چالاکی مەدەنی لە سنە)، ''سیاسەتی ڕەزاشایی لە ساڵی 1304 و 1316 بووە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەکانی کوردستان تابلۆی بە فارسی قسە بکەن هەڵبوواسرێ'' و لەو کاتەوە، زاڵبوونی کلتووری فارس و لاوازبوونی دیکەی کلتووریەکان بە شێوەی فەرمی بەردەوامە و لەم نێوەندەدا، گۆڤارەکانی ئیرانشەهر، فەرهەنگستان و ئایندە بە شێوەی فەرمی بانگەشە بۆ ئەم سیاسەتە دەکەن[2]، بە جۆرێک کە ئیرانشەهر لە وتارێکدا سەبارەت بە ئاین و نەتەوایەتی وتوویەتی: «پرسی ئێتنیکایەتی وەها جیدییە کە هەر کات ئێرانییەک کە سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردبێ لە نەتەوەی بپرسن، لە باتی ناوی شانازییەخشی وڵاتەکەی ناوی زێدەکەی دێنێت. ئێمە دەبێ تاقمی خۆجێی، زاراوەی خۆجێیی، جلوبەرگی خۆجێیی، داب و نەریتی خۆجێیی و هەستیارییە خۆجێییەکان لە ناو ببەین ...»

لە ساڵی 1307، پەڕلەمان جلوبەرگی کۆنی ئێتنیکە ئێرانییەکانی بە نافەرمی ڕاگەیاند و هەموو پیاوانیشی بەدەر لە زانایانی ئایینی ناونووسکراو، ناچار بە لە بەر کردنی جلوبەرگی ڕۆژاوایی و لە سەر کردنی «کڵاوی پەهلەوی» کرد. پاش هەشت ساڵ، کڵاوی شاپۆی ئەوڕووپایی بووە بەدیلی ئەم کڵاوە. ڕەزاشا ئەم کڵاوەی نە تەنیا بۆ سڕینەوەی شوونەسە ئێتنیکییەکان بەڵکوو هەروەها بۆ دەستێوەردان لە ڕێوڕەسمی نوێژ لە ئیسلام،

---

[1] - **Assimilation**

[2] - **www.fa.wikipedia.org**

کە پێویستی بە سووراندنی نێوچاوان لە سەر عەرزە، دەستنیشان کرد. بەدەر لەمە، ناوبراو ناوی زۆرێک لە شارەکانیشی گۆڕی.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی 1357ـی هەتاوی، بە پێچەوانەی بنەماکانی یاسای بنەڕەتی کە ڕێز لە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بۆ هەموو گرووپە جیاوازە ئێتنیکییەکان دەگرێ، لە کردەوە و بە ئەنجامدانی ڕفتارە سەلیقەییەکانی بەرپرسانی پەیوەندیداری بابەتەکە، ئەم مافە بەو شێوەی کە شیاو و پەسندکراوی گرووپە ئێتنیکییەکان بێ نەچووەتە بواری جێبەجێ کردن.

منداڵەکەمان لە ماڵەوە بە عەرەبی ئاخافتن دەکا، بەڵام دەچێتە قووتابخانە لەگەڵی بە فارسی قسە دەکەن و ئەمە غەدرە. سەبارەت بە بەهرەی دەبێ بڵێم لە سەدا سەدە، 50 لە سەدی بە کار بهێنرێ، ئەمە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئاستی زانستی قوتابییەکە. وەک دەبینین منداڵەکانمان سەرەڕای ئەوەی زمانیان نییە، دەدرەوشەنەوە و سەر دەکەون؛ واتە ئەگەر بە زمانی خۆیان بخوێنن پێموا نییە لەم ئاستەی ئێستادا بین و سەرکەوتووتر دەبین.

حەمید حمادی، مامۆستای زانکۆ لە خووزستان

لە ئەنجامی توێژینەوە لەم بارەوە، زاڵبوونی سێ وتەزای دژایەتی، سڕینەوە و گاڵتە کردن بە دیمەنە کلتووریيەکانی ئێتنیکەکان لە زۆربەی مێژووی ئێراندا پۆلێنبەندی دەکرێ کە جۆرێک لەم سڕینەوە لە لایەن میدیای نیشتمانییەوە ئەنجام دەدرێت. بۆ وێنە بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگ ئەم هەمەچەشنییانە پیشان نادا و ڕاشکاوانە یەکیان زەقتر و شانازیبەخشتر دەناسێنێت. جۆرێکی دیکەی سڕینەوە لە پێنەدانی مۆڵەتی بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسم و بۆنەی ئێتنیکی و ئایینیدا خۆی دەنوێنێت. لە ڕاستیدا وێنای بوونی ڕەوتێک کە ئامانجی سووکایەتی کردن بە کلتووری ئەوانە دەخرێتە مێشکی گرووپە ئێتنیکییەکان کە بە نیازە ڕێگری لە بەردەوامبوونی نێوان نەوەیی کلتووریی بکا و لە بەرامبەردا هۆکارگەلی وەکوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسانتر و لاوازیی لە قبوڵ کردنی نێوانکلتووریی هەڵدەستێ بە بەهادانانی کلتووریکی تایبەت و یەکدەستکردنی کلتووریی.

لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ئەم پارێزگایە کە 70 – 80 لە سەدی بەلووچن، کەمترین بەرنامە تەرخانی زمانی بەلووچی کراوە و سەرمایەگوزاری لە سەر فۆلکلۆر و کلتووری گشتی بەلووچستان ئەنجام نادرێ و بوار بە چالاکڤانان نادەن.

عەبدولڕەشید تریز. مەولەوی ئاینی، تویژەری مێژوو و چالاکی سیاسی، - کۆمەڵایەتی لە سیستان و بەلووچستان

هێڵکاری ژمارە 11 و هێڵکاری ژمارە 12 ڕوانگەی بەرامبەر بە ڕێژەی سنووردارێتی لە ڕێوڕەسمی ئێتنیکی و ئاینی پیشان دەدات.



هێڵکاری ژمارە 11: سنووردارێتی لە ڕێوڕەسم - هەڵکەوتەکان



هێڵکاری ژمارە 12: سنووردارێتی لە ڕێوڕەسم – خەڵکی گشتی

زۆرێک لە بیرمەندان و خاوەن تیۆرییەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو باوەڕەدان کە هەلومەرجی ئێستای وڵات بارودۆخێکی ئانۆمیکە و باس لە سست بوونی دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و شپرزە بوونی یەکدەستی دەکەن (اباذری، 1393). بە شێوەی جیدی، یەکەمین جار عەباس عەبدی (1385) لە دەیەی 80ـی هەتاوی لە سەر بابەتی داڕمانی کۆمەڵایەتی ئیشی کرد. مەحمود ئەحمەدی نژاد[1] و هاوبیرەکانی یەکێکی تر لەو کەسانە بوون کە لەم ماوەی کۆتاییدا، بابەتی داڕمانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێرانیان هێنایە بەر باس. بە پێی بیر و بۆچوونی ئەم کەسانە، لە بواره جۆراوجۆرەکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتووری، ژینگەیی و ... داڕمان ڕووی داوە. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەش پشتڕاستکەرەوەی ئەم قەیرانانەن.

بە باوەڕی دکتۆر مەهدی فەیزی (مامۆستای زانکۆی مەشهەد) «کۆمەڵێ قەیران و چالنج و لە ڕاستیدا زلچالنجمان لە وڵاتدا هەیە کە هاوشێوەی بۆمبی کاتژمێری ئامادەی تەقینەوەن. لە پرسی بانک و سندووقی خانەنەشینی، قەیرانی ئاو، بێکاری و تەڵاقەوە بگرە هەتا کێشەکانی دیکە. هەر کام لەمانە مەترسیدارن و کاتێک بچنە پاڵ یەکتر، مەترسیدارتر دەبن؛ تەقینەوەی یەکیان ئەوانی دیکەش دەتەقێنێتەوە، ترسناکە.»

دەوڵەتی ناوەندی لە سەردەمی پەهلەوییەوە هەتا ئێستا کەمترین هەنگاوی بۆ ڕاکێشانی متمانەی گشتی لەم بوارانەدا هاویشتووە و سادەترین ستراتیژ، واتە بەرەنگاربوونەوە و بەکارهێنانی هێزی تونداژۆیی کردوە بە پیشەی خۆی. ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا شاندی بۆ ناوچەگەلی وەکو کوردستان ناردبێ یان لە ساڵانی پاش

[1]- ڕۆژنامەی رسالت، ژمارە 9187 – ڕێکەوت 97/1/19

شۆڕش، دانووستان لەگەڵ حیزبی دیموکڕات و یان دانووستان لەگەڵ گەورەکانی ئەهلی سوننە لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ناوەندی سوننەت (شەمس) هەندێ گفتوگۆ ئەنجام درابێ، بە هۆی وردەی ناوەندتەوەر، دەسەڵاتدارانە و ناپلۆرالیستی تووشی شکست هاتووە و لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا، دانوستانکارانی گروپە ئێتنیکی و ئایینییەکان خراونەتە بەندیخانە یان دوور کراونەتەوە.

ڕوانگەی بلیمەتەکان و جەماوەر سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی وڵات پیشان دەدات.



هێڵکاری ژمارە 13: بارودۆخی سیاسی وڵات – هەڵکەوتەکان



هێڵکاری ژمارە 14: بارودۆخی سیاسی وڵات – جەماوەری گشتی

لە ڕێگەی داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پرسە ئێتنیکییەکان لە ئاڵۆزترین و لە هەمان کاتدا پڕکاریگەرترین پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە وڵاتی ئێرانن و ڕەنگە خەستکردنەوەی شووناس و گەڕانە ئێتنیکییەکان یەکێک لە بەرچاوترین هێماکانی داینامیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێ و فاکتەرەکانی ئەم پرسە بریتین لە: خەست بوون پسانی نێوان شووناسی نیشتمانی و ئێتنیکی، بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان، پێگەیی، ئابووریی، سیاسی و کلتووریی، گەشەی ڕوو لە هەڵکشانی ڕێکخراوەکان، ناوەندەکان و ناوەندە ئێتنیکییەکان، دروست بوونی هەستی ئێتنیکخوازی ڕادیکاڵانە لە ناو هەندێ لە بلیمەت، ڕووناکبیران و حیزبە سیاسییەکان، هەڵکشانی ئاستی نامۆیی سیاسی و نانەوەی مەودا لە نێوان ئێتنیک و سیستەمە سیاسییەکان، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی داخوازیی ئێتنیکی لە دەرفەتی ئازادییە سیاسییەکانی وەکوو هەڵبژاردنی نیشتمانی و خۆجێیی (کریمی مله، 1388، ل 23).

ئەنجامی کۆتایی

زیاترین پرسی کۆمەڵایەتی لە بارەی بابەتی ڕوومالّکراوی ئەم توێژینەوە لێک پسانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە بۆتە هۆی بێچم گرتنی داخوازییە دادپەروەرتەوەرەکان لە لایەن ئێتنیک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران. دەتوانین گۆڕانکاری بژێوی و ئابووریی وڵات، کە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدارە وەک دیاردەیەکی تەوەری سەیر بکەین کە بۆتە بنەمای دیکەی داخوازیی ئێتنیکەکان. هەروەها ئەم بارودۆخە دەرەنجامی جۆرێک بەڕێوەبەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی وڵاتە کە چەندین دەیەیە ڕووی لە داڕمانە و بووەتە سەرچاوەی دیکەی چالنجەکان.

مۆدێلی پاڕادایمی ژێرەوە لە چوارچێوەی شێوازی GT فاکتەرگەلی (سەرەکی، دەستێوەردەر و بەکگراندی)، دیاردەتەوری، کردەوەی ستراتیژی و لێکەوتەکانی تاوتوێ کردووە.



وێنەی ژمارە 2: مۆدێلی چەمکیی توێژینەوەی (GT)

بە ئاوڕدانەوە لەم مۆدێلە، ئابووریی نایەکسان لە سەر بنەمای بگۆڕە ئێتنیکی، ناوەند – پەراوێزی و ئاینییەکانی کۆمەڵگای ئێران بێچمی گرتووە و بارودۆخی گەشەسەندوویی ڕوون دەکاتەوە. بابەتێک کە زۆربەی داخوازییەکانی پەیوەست بە دیاردەتەوەری لێکۆڵینەوەی لە لایەن ئێتنیکە ڕووماڵکراوەکان دیاری دەکات. هەروەها داتاکانی ئەم توێژینەوە پیشانی داوە، بەشی سەرەکی پیشە قورسەکان، وەکوو کۆمپانیای فوولاد و ئۆتۆمبێلسازی لە پارێزگا فارس زمانەکانی وەکوو ئیسفەهان، ئەلبورز، سیمنان و مەرکەزی دانراوە و زیاترین قەبارەی داهاتە ئابووریییەکان تەرخانی ئەم پارێزگایانە کراوە.

پاش فارسەکان، ئازەرییەکان / تورکەکان (بەتایبەت لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا) لە سۆنگەی دابین کردنی داهاتە ئابووریییەکان لە قۆناغی دووهەمی سوودوەرگرتندان. سەرەڕای بوونی وەها هەلومەرجێک،

ناڕەزایەتی ئازەری / تورک زمانەکان لە دەسەڵات کەمتر لە دیکەی گرووپە ئێتنیکییەکان نییە. هەستی نایەکسانی ئازەرییەکان / تورکەکان بە دوو شێوەی ژێرەوە خراوەتە ڕوو: یەکەم ئەوەی کە ئەم گرووپە هەلومەرجی ئابووریی خۆیان لەگەڵ فارس زمانەکان هەڵدەسەنگێنن و لەو باوەڕەدان کە پشکی پارێزگا ئازەرییەکان / تورک نشینەکان لە چاو پارێزگا ناوەندییەکانی وەکوو ئیسفەهان، سیمنان، مەرکەزی، قووم، ئەلبورز و تاران زۆر کەمە و خاڵی دووهەم ئەوەی کە هۆی ناڕەزایەتییەکانی ئەم گرووپە ئێتنیکییە لە دەسەڵات و باوەڕ بەم بابەتەیە کە دامەزرانی زۆری پیشەکانی ئەم پارێزگایە هی سەردەمی حکومەتی ڕابردووە.

لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، لە شارە باشوورییەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواوە بگرە تا دەگاتە پارێزگاکانی کوردستان و کرماشان و ئیلام، لە کەرتی پیشەسازی، گەشەی کارخانە و کارگە و شارۆچکەی پیشەسازی لە ئاستێکی ئەتۆدا نییە و ئاماری بێکاری لەم ناوچانە، سەرەڕای بوونی هێزی مرۆیی گەنج و خوێندکار زۆرە و ئەم گەنجانە ناچارن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان بەرەو پارێزگا فارس نشینەکان بەتایبەت تاران کۆچ بکەن یان لە کورەخانەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و دیکەی ناوچەکان ئیش بکەن. هەروەها لە نەبوونی پیشەی فەرمی لەم ناوچانە، کۆڵبەری ڕێژەیەکی بەرفراوانی لە خۆ گرتووە و تەنانەت گەنجانی بێکار بە خوێندەواری باڵاشەوە خەریکی ئەم پیشەن.

عەرەبەکانی ئێران لە پارێزگاکانی خووزستان، بووشێر و هورمزگان بڵاو بوونەتەوە. نەوتداربوونی ناوچەی نیشتەجێ بوونی ئەوان و بوونی بەندەری گرنگی ڕۆژاوا و باشووری وڵات لەم ناوچانەدا بۆتە هۆی بڕەودارباوونی کەرتی بازرگانی و بازرگانی نێودەوڵەتی و جیا لە هێزی کاری ناوچەیی، هێزی کاری ناوچەکانی دیکەش وەردەگرێ و بۆتە شوێنی پیشەی ناعەرەبەکان کە ئەمە بابەتی هەستیاری نایەکسانی و ناڕەزامەندیی عەرەبەکان لە دەسەڵات دروست دەکات.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەستی ناڕەزایەتی و نایەکسانی لە ناو ئێتنیکەکان و وێنای ڕۆڵی دەسەڵات لە بنیاتنان و درێژەدانی لە ڕابردوودا بێچمی گرتووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی و لەم بارەوە داتاکانی توێژینەوە گوزارشتن لەوەی کە بەلووچەکان خراپترین هەلومەرجی ئابووری و زیاترین ناڕەزایەتیان هەیە و هۆی سەرەکی ئەم بابەتەش جیاوازی دوو لایەنەی ئێتنیکایەتی و ئایینی خۆیان لەگەڵ دەسەڵات دەزانن. گەشە نەکردنی کەرتی پیشەسازی، وشکەساڵی و کەمئاوی، نەخوێندەواری و کەمخوێندەواری، سوودمەند نەبوون لە پیشەی بەڕێوەبەرایەتی و پۆستی ئیداری پارێزگایی و وڵاتی،

دوورکەوتوویی و لە پەراوێزمانەوە وەک فاکتەرەکانی دیکەی ئەم ناڕەزایەتی و نایەکسانییە لە قەڵەم دراون و لێکەوتەی وەکوو پەرەسەندنی قاچاغ، خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕادیکاڵی ئاینی و ئێتنیکی و دیکەی پرسەکانی لێ کەوتۆتەوە.

ئەم توێژینەوە دوو سناریۆی سەرەکی بۆ ئێران کێشاوەتەوە: سەقامگیری کۆمەڵایەتی و لە ناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. لە ئەگەری بەردەوامی بارودۆخی ئێستا، سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا تووشی لە ناوچوون دەبێ و لە کۆتاییدا داڕمانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کلتووری ڕوو دەدات. بەڵام لە سناریۆی دووهەمدا، سەقامگیری کۆمەڵایەتی بەرهەم دێ و دەتوانین ئەم سناریۆیە بە سناریۆیەکی دڵخواز بزانین. ئەم سناریۆیە وابەستە بە چاکسازی بنەڕەتی لە ژێربنەما و سەربنەما ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، پەروەردە، تەندروستی و ... لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە دەسەڵاتدارەکان و ئێتنیکەکانی وڵات دەبێت.

لە هەلومەرجی قبوڵ کردنی بارودۆخ، بەردەوامی ناڕەزایەتی و نایەکسانی و پەرەسەندنی کەلێنە نێوانئێتنیکییەکانیش بەردەوام دەبێت. ئەم سناریۆیە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کەلێنی کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی و ئاینی کە ڕێگە بۆ داڕمانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دژومنایەتی و لێکدژی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خۆش دەکا و دەرچوونی نەوەی گەنج، بەتایبەت بلیمەتەکان و بەردەوام بوونی قەیرانی هێزی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە.

لە سناریۆی دووهەم واتە سناریۆی دڵخواز و داهاتووبینانە، وڵاتی ئێران لە بواری کلتووریی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا بارودۆخێکی سەقامگیر و چالاکی دەبێت. بە گەڕانەوە بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوە، دەتوانین بڵێین لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا، ڕەوتی کۆتایی داهاتووی ئێران و بارودۆخی وەدیهاتنی ئەم دوو سناریۆیە دیاری دەبێت. بە شێوەی گشتی دەتوانین ئاسۆی داهاتووی وڵات لە حاڵەتە دڵخوازەی ژێرەوە بەم شێوە بکێشینەوە:

ئێران دەبێتە وڵاتێک بە هەمەجۆری ئێتنیکی و ئاینییەوە کە ئەم هەمەجۆرییە سەرچاوەی یەکێتی و هاوپەیوەندیی نیشتمانییە. بڕیارە سیاسی و کلتوورییەکان لە پێناو گەشە کردنی پەیوەندیی نێوان ئێتنیکییەکان لە سەر تەوەری ئاشتی نیشتمانیی دەبێ و سیستەمی سیاسی، بە قبوڵ کردنی هاوسەنگی شووناسی ئێتنیکی لە پاڵ شووناسی نیشتمانی، سیستەمی کۆمەڵایەتی زنجیرەیی و پۆلێنبەندی هاووڵاتیان لە سیاسەتدانانی ناوخۆیی ڕەت دەکاتەوە و دەیفەوتێنێ و ئیرادەی نیشتمانی لە پێناو نەهێشتنی کەلێن و هەڵاواردن بێچم دەگرێت.

بە مەبەستی وەدیهاتنی ئاسۆی سەرەوە، ستراتیژ و ڕێگە چارەی ئۆپەراسیۆنی لە بواره جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و یاساییەکان بە گوێرەی ئەنجامی دیمانەی بەشداربووانی لێکۆڵینەوە، ئامادە و پێشنیار کراوە.

پێشنیارەکانی توێژینەوە و ڕێگە چارە بەڕێوەبەرییەکان

لە هەلومەرجی هەستیاری هەڵاواردن و نایەکسانی نێوانئێتنیکی پێشهاتوو، تۆکمە کردنی متمانەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە پێناو وەفاداری سیاسی بۆ یەکدەستی نیشتمانی فرەئەندێش و پلۆرالیستی یەکەمایەتی بە سەر هەموو چەشنە بەرنامەدارشتنەکاندا هەیە و لەو هەلومەرجانەی کە زۆربەی هێزی مرۆیی بە پێی پێوەرە ناپسپۆرییەکاندا ڕێک خراون کە بواری بەڕێوە بردنی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی نییە و یەکدەستی نیشتمانی و هاوپەیوەندێتی ئێتنیکی تا ئاستی دروشمی تیۆری و بە دوور لە ئۆبژە کۆمەڵایەتییەکان دابەزیوە، بەردەوامی پێکەوە بوونێکی ئاشتەواییانە و نزیک لە ئاشتی مانای خۆی لە دەست داوە و ئەمە هەڵکشانی بە ئەمنی بوونی کۆمەڵگا بەتایبەت لە ناوچە ئێتنیکییەکان دەگەیێنێ، کە بەڵگەکان گوزارشتن لە بەدیل کردنی لەگەڵ وەرەی جێبەجێ کردنی مافگەلێکی وەکوو مافەکانی هاوواڵاتیبی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ... ـە و لەم پێناوەدا ئەم لێکۆڵینەوە پێشنیاری بابەتەکانی ژێرەوە دەدا:

وەدیهاتنی دادپەروەری ئابووری

لە کەرتی پیشەسازی، دەتوانرێ بە دامەزراندنی نووسینگە، کارخانە، و دیکەی ناوەندە پەیوەندیدارەکان، فۆکووس کردنی پیشەسازی لە پارێزگا ناوەندنشینەکان کاڵ بکرێتەوە و لە قۆناغی دواییدا، یاسای گشتگیری پەیوەست بە ڕێگری لە قاچاغ، کۆڵبەری و ئەو پرسە کۆمەڵایەتییانەی کە هۆکارەکەی دەچێتەوە سەر گرفتی ئابووری بەرهەمهاتووی فوکووس خوازی دێرینەن ئامادە بکرێن و دەستبەری جێبەجێ کردنی پێویست لە بارەی ئەم یاسایانە دابین بکرێت. لە وەها هەلومەرجێکدا، هەم ڕێژەی دەرچوونی هێزی مرۆیی کارامە و هەم دەرچوونی پارە لە بازاڕی ئابووریی وڵات کەمتر دەبێتەوە و هەروەها هەلی پیشە و سوودمەند بوون لە توانای زانستی و کردەیی هەموو خەڵکی وڵات دابین دەبێت.

وەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کلتووریی

ئەوڕۆکە توێژینەوەکان لە بواره جیاجیا زانستییەکان دەرخەری ناکارامەیی سیاسەتەکان و ڕوانین لە سەرەوە بۆ خوارەوە و ناوەندتەوەری دەسەڵاتدارن و پێویستە لە بەڕێوە بردنی زۆرێک لە کاروبارە خۆجێییەکان

دەوری دەوڵەت کەمتر بکرێتەوە و ئەرکی بەڕێوە بردنی کاروبارەکان بخرێتە ئەستۆی خەڵک. ئەم بابەتە لەگەڵ سەربەخۆیی حیزبی و ئازادیی باوەڕ و کاریی مومکین دەبێ و بەدەر لەم حاڵەتە، هەر چەشنە چالاکییەک تووشی چارەنووسی ناکارامەی وەکوو ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی شار و گوند دەبێ کە پاش پێنج خوول، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر، گەندەڵتر و ناکارامەتر بوون.

پێشنیار دەکرێ گرنگیدان بە شایەنسالاری بەهێز بکرێ، ڕوانینی کۆنتڕۆڵ کراو و ئەمنییەتی لە سەر چالاکییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسییەکان هەڵبگیرێ و ڕێبەران و خەڵکانی خۆجێیی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کلتووریی، کۆمەڵایەتی، و ئاینی خۆیاندا سەربەست بکرێن. دانانی ناوەند و پەرستگەی ئاینی تایبەتی ئەهلی سوننە و هەر کام لە ئاین و ئاینزاکان، لە شاری تاران، ئازادی و بەستێنسازی پەروەردە بە زمانی کوردی لەو بابەتانەیە کە لە پێناو وەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی شیاوی باسە، کاروبارێک کە هەم خواستی سرووشتی خەڵک دابین دەکا و هەمیش هەڵی تەندروستی دەروونی – کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی تاکەکان دەڕەخسێنێ و هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی وزەی بلیمەتە ئێتنیکییەکان، زمانە خۆجێییەکان، هونەرمەندان و دیکەی چالاکڤانە ئێتنیکییەکان لە پێناو بەرهەم هێنان و تێکۆشانی نیشتمانی بە کار بهێنرێت.

هەڵاواردنی ڕەگەزێتی لە سەر ئاستی دەوڵەتی و هەروەها لە ناو دڵی کۆمەڵگا لەو بابەتە گرنگانەیە کە بەشێکی زۆری، جیا لە بەربەستە یاساییەکان، دەچێتەوە سەر عورف و بنەما و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بێگومان بۆ هەنگاونان بەرەو گەشەی هاوسەنگ و بەردەوام.. کەڵک وەرگرتن لە هەموو پتانسییەلە شاراوەکانی کۆمەڵگا پێویستە و پشتگوێ خستنی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا (ئافرەتان) بە واتای کەم کردنەوەی توانای هێزی مرۆیی و سەرچاوە نامرۆییە نیشتمانییەکانە. زۆرێک لە بەشداربووان لە دیمانەکانی ئەم توێژینەوە ئاماژەیان بەم بابەتە کردووە و بە باوەڕی ئەوان، ژنان و کچان لە کۆمەڵگای ئێران لە کاتی ڕکابەری یەکسان لەگەڵ پیاوان لە تاقیکردنەوە سەراسەرییەکان، دامەزراندن، پۆستی ئیداری (وەزارەتی، پارێزگایی، شارستانی) تووشی لاگیری بەرهەمهاتوو لەم ڕوانگە ڕەگەزێتییانە دەبن.

چەمکی هاوولاتی پلەی دوو و پلە چەندەم لە بابەتە باسکراوەکانی بەشداربووان بوو کە دەرخەری هەستی خەڵکانی کۆمەڵگا ئێتنیکییەکانە و دەبێ وەک هۆشداریەک بە سیاسەتدانەرانی کلتووریی سەیر بکرێت. لەم پێناوەدا، ڕیگە چارەکانی ژێرەوە پێداگری لە سەر کراوە:

1. *گەشەی هەمەلایەنەی ناوچە بێبەشەکان بە یەکەمایەتی دانانی ئێتنیک و کەمینە ئاینییەکان؛*
2. *گەشەی بەرنامەڕێژی هاوبەشانە بە کەڵک وەرگرتن لە پتانسیێلە کلتووریی و هەمەچەشنە ئێتنیکییەکان؛*
3. *کەم بوونەوەی فۆکووسخوازی و دابەش کردنی دووبارەی هەڵە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان؛*
4. *بەرنامەڕێژی لە خوارەوە و گەشەی پێچەوانە، بە چەشنێک کە دابەش کردنی سەرچاوەکان لە ناوچە سنووربییەکانەوە دەست پێ بکا و ئینجا لە ناوەند کۆتایی پێ بێت؛*
5. *چاکسازی سیستەمی ئیداریی و زنجیرایەتی بەڕێوەبەرێتی وڵات بە ئەسپاردنی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرانی خۆجێیی.*

وەدیهاتنی دادپەروەری سیاسی

بە باوەڕی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە، حیزبە سیاسییەکان لە ئێران زیاتر لە کاتی هەڵبژاردنەکان و بۆ ماوەی دوو هەفتە وەکوو کارگ سەر هەڵ دەدەن و پاش کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، لە ناو دەچن و بە هۆی ئەوەی ڕیشەیان لە بەرنامەی گرووپ یان تاکە تایبەتەکان بۆ وەدەستهێنانی کورسی سەرۆک کۆماری، پەرلەمان و ... هەیە، لە ناوچە ئێتنیکییەکان حیزبێکمان نییە کە خوازیاری داخوازییە ئێتنیکییەکانی خەڵکی خۆیان بن. ڕەنگە گرنگترین هۆکاری نەمان و وازهێنانی حیزبەکان لە ئێران، بوونی پانتای ئەمنییەتی، چاودێرێتی و کۆنترۆڵکراوی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان کە زۆربەیان لە ڕادەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەدەرە و هەروەها تۆڕە بێژومارەکانی فیلتێرینگ لە وڵات بێت. گرنگترین هۆکاری کارکردی کە حیزبێک دەتوانێ ببینێ، دەربڕینی داخوازییە هاوبیرەکانی خۆیان لە ڕێگەی بنەما دیموکڕاتیکییەکان و پرۆسەی دانووستانە. کاتێک وەها پرۆسەیەک لە کۆمەڵگادا بوونی نەبێ، دژومنایەتی و توند و تیژی دەبێتە بەدیلی بنەما دیموکراتیکییەکان، و دانووستان و بێچم گرتنی وەها پانتایەک دەتوانێ ڕەواداری ڕژیم تووشی کێشە بکات. پێشنیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بەرهەمی پێشنیاری بەشداربووانی توێژینەوە بووە و پێویستە دەسەڵات وێڕای وەلانانی پانتای ئەمنییەتی و میلیتاریستی، جیا لە چالاک کردنی حیزبە مۆڵەتدارەکان، پانتای حیزبی بەرەو گرووپە ئێتنیکییەکانیش بگوازێتەوە بۆ ئەوەی داخوازییەکانی ئەوان بە شێوەی تەواو دیموکراتیکانە و تەنیا لە ڕێگەی پرۆسەی دانووستان بخرێتە ڕوو و چارەسەر بکرێت.

لەم پەیوەندییەدا، جگە لە فارس زمانەکان، هەر چوار گرووپە ئێتنیکییە ڕووماڵکراوەکان نارەزایەتییان هەبوو. کورد و بەلووچ و عەرەبەکان وتیان کە لە ماوەی تەمەنی پتر لە 40 ساڵی حکوومەتی کۆماری

ئیسلامی کەسێکیان لە هەڵبژاردنی هاوزمانەکانیان لە پۆستە سیاسییە پلە یەکەمەکانی وەکوو سەرۆکایەتی هێزی جێبەجێکار و یاسادانەری و داد، وەزیری دەوڵەتی، پارێزگار و باڵوێز بوونی نەبووە.

وەدیهاتنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

پێناسەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە سەر دابین کردنی خواستە مرۆییەکان لە هەر دوو ڕەهەندی مادی و مەعنەویی. بەرهەمی داتاکانی ئەم توێژینەوە گوزارشتن لەوەی کە دەستڕاگەیشتن بە نەخۆشخانە و ناوەندی تەندروستی و دیکەی خزمەتگوزارییە پێویستەکان لە بواری تەندروستی ناوچە ئێتنیکییە ڕووماڵکراوەکان زۆر نەشیاو و نادادپەروەرانە دابەش بووە. لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان، نەخۆشخانەکان ناتوانن سادەترین بڕینکاری و چاودێری پزیشکی ئەنجام بدەن و کەسی نەخۆش ناچارە بۆ چارەسەر، سەردانی ناوەندە پارێزگاییەکانی (ورمێ، تەورێز، هەمەدان و ..). بکات. هەڵبەت چاودێری نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکانی شاری تاران، خۆی پیشاندەری دۆخی ئەو نەخۆشانەیە کە تەنانەت سەرەڕای هەژاری، بەڵام بە هۆی بێبەشێتی ناوچەکانی خۆیان، پەنا بۆ تاران دەبەن.

ئیمکانی دەستپێڕاگەیشتن بە گاز هێشتا لە سنوورەکان و بەتایبەت گوندە سنووریەکان دابین نەکراوە و لە نەبوونی گاز، لەم ساڵانەی دواییدا، لە قوتابخانەکانی کوردستان و بەلووچستان بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە زۆپای نەوتی کارەساتی زۆر گەورە ڕووی داوە کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی کۆمەڵێ منداڵ و مامۆستا و ئاسەواری سووتمان لە سەر جەستەی زۆرێک لە قووتابیان ماوەتەوە.

سینەما و پارک و کاتی پشوو لە سنوورەکانی ئێراندا هیچ واتایەکی نییە. ژێربنەما گەشەیی و پیشەسازی و جادەییەکان لە ناو ئێتنیک و سنورەکاندا زۆر نالەبارە و جادەکانی ئەو ناوچانە بۆتە کوشتارگەی گەنجەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکرێ پێوەرەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بە بە بەڕێوەبەرایەتی دروست و بێ هەڵاواردنی ئێتنیکی – ئایینی، بەتایبەت لە بواری تەندروستی و پەروەردە و بە ڕەچاو گرتنی لانیکەمی سنووری ناوچەیی و ژێربنەما جادەییەکان بە جیدی پێداچوونەوەیان پێدا بکرێتەوە و بۆ ڕێگری لە زیانی قەرەبوونەکراو، کەمایەسییەکانی ڕاست بکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە داپەڕی گونجاو بگیرێتە بەر.

دەوری ڕاگەیاندنە گرووپییەکان لە هاوپەیوەندێتی نیشتمانی و دادپەروەری میدیایی نێوان ئێتنیکی

ڕاگەیاندنە نیشتمانی و فەرمییەکانی ئێران ڕاشکاوانە لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ کراون و کار لە سەر بانگەشە و نواندنەوە بۆ ئاین و سیاسەتێکی تایبەت دەکەن. لەم میدیایانەدا سەنسۆر یەکجار زۆرە و گەڕانی

ئازادی زانیارییەکان مومکین نییە. هەر ئەم بابەتە لە لایەن ئێتنیکە ڕووماڵکراوەکان ڕخنەی لە سەرە و بە ڕای ئەوان وەک یەکێک لە بابەتە جیاکارییەکان دێتە هەژمار و وەک بەرهەڵستی یەکگرتوویی ئێتنیکی و یەکپارچەیی و هاوپەیوەندیی نیشتمانی لە قەڵەمی دەدەن. بە بۆچوونی دیمانە لەگەڵ کراوانی ئەم توێژینەوە، ئەم چەشنە نواندنەوە ئایدۆلۆژیکییە دەوڵەمەندیی کلتووری و پێشینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هاوبەشی ئێرانییەکان سەنسۆڕ دەکا و بە نیازی سیاسەتی لێکچووانێکە کە بە سیاسی بوونی پرسە کلتوورییەکانی لێ دەکەوێتەوە و بەرامبەر بە نەریت و ڕفتارە کلتوورییەکانی ئێتنیکەکان بێبەزەییە. ئەم ڕوانینە جیاکارییانە بابەتێکە کە بووەتە هۆی هۆگریی ڕوو لە هەڵکشان بۆ ڕاگەیاندنە ڕۆژاوایی، ئۆنلاین و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەم بوارەدا دەوری سەرەکی دەبینێت. پێشنیار دەکرێ بە سینگ فرەوانی، ئامادەکاری بواری هاتنە ناو کەرتی تایبەت بۆ ناو ئەم ڕاگەیاندنانە دابین ببێ و بۆ هەر کام لە حیزبە سیاسییەکان بواری بۆ ڕاگەیاندنێکی جیاواز بڕەخسێ کە لە ئەگەری دابین بوونی ئیمکانی وەها دەستپێڕاگەیشتنێک، بوار بۆ ڕکابەرییەکی تەندروست دێتە کایەوە و متمانەی گشتیش دەگەڕێتەوە بۆ میدیا نیشتمانییەکان.

بەستێنسازی بۆ لێکنزیک کردنەوەی ئاینزا و ئاینەکان لە ئێران

بەشێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ئاماژە بە وەلانانی هزری ئایینی لە سیستەمی سیاسی فەرمی و گرتنە بەری هەلومەرجی حکوومەتی سکۆلار بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوەوە، هەر چەشنە پێباشتربوون و ئیمتیازی شووناسی وەلا بنرێ کە ئەنجامەکەی دەبێتە کاڵبوونەوەی هەستی ستەمی شووناسە ئاینییە جۆراوجۆرەکان و دەبێتە هۆی دابین بوونی هەلی سوودمەند بوون لە بەهرە مرۆییەکان بە زانست و پسپۆڕی بێژومار.

کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتی دیموکراتیکی یاسایی و جێبەجێ کردنی بنەما ڕاگیرکراوەکانی یاسای بنەڕەتی

بنەما ڕاگیرکراوەکانی یاسای بنەڕەتی، کە بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەش پێداگرییان لە سەر کردبوو، بابەتی ئازادییە ئاینی و ئاینزایی و مرۆییەکان لە پێناو یەکسانی ئێتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەکوو پەروەردە بە زمانی دایکی (بڕگەکانی دوانزەهەم، سیانزەهەم، چواردەهەم، پانزەهەم و نۆزدەهەم) و توانا دیموکراتییەکانی یاساکانی وڵاتن کە بەستێنی وەدیهاتنی مافەکانی کەمینە ئێتنیکی و ئاینییەکان دابین دەکەن و یەکێک لە بابەتەکانی ناڕەزایەتی گرووپە ڕووماڵکراوەکانی ئەم توێژینەوە بوون. لەم بارەوە دەتوانین بڵێین کە ئۆبژە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری ڕوودانی قەیرانگەلێک لە هەر کام لەم بوارانە، هەندێ جار جیاواز بەڵام بەهێز، هەواڵیان داوە. لە سەر پێشنیاری بەشداربووان، ڕێگە چارەی دەرچوون لەم لەمپەر و قەیرانانە بەهێزبوونی دەوڵەتێکە کە توانا و دەستەبەری جێبەجێ کردنی بنەما ڕاگیراوەکانی یاسا بنەڕەتییەکانی هەیە.

سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «ناموس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبوڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009)

-بە ناوی نەریت (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press- Oxford و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنووردەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دواییین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

سەرچاوەکان:

- ازکیا، مصطفی. (1379). جامعه‌شناسی توسعه. چاپ دوم، تهران: حکمت.
- ازکیا، مصطفی و غفاری، غلامرضا. (1389). نظریه‌های اجتماعی معاصر با رویکرد توسعه. تهران: علمی.
- اشرف، احمد. (1378). هویت ایرانی در بین ایرانیان خارج از کشور (جلد دوم سنت و تجدد). بولتن فرهنگی معاونت امور بین‌الملل وزرات فرهنگ و ارشاد اسلامی. تهران.
- امیراحمدی، هوشنگ. (1377). قومیت و امنیت (ترجمهٔ حسن شفیعی). فصلنامه مطالعات راهبردی، 2.
- باومن، زیگموند. (1380). مدرنیته و مدرنیسم (ترجمهٔ حسینعلی نوذری). تهران: نقش جهان.
- پورسعید، رامین و زهیری، معصومه. (1391). عدالت اجتماعی راولز. اطلاعات حکمت و معرفت. 7 سی (8)، ص 60 – 63.
- تودارو، مایکل (1366). تو سعه اقتصادی در جهان سوم (ترجمهٔ غلامعلی فرجادی). چاپ اول. وزارت برنامه و بودجه.
- توسلی، غلامعباس. (1398). نظریه‌های جامعه‌شناسی .تهران: سمت.
- دیاکونف، میخائیل. (1383). تاریخ ایران باستان (ترجمهٔ روحی ارباب). تهران: علمی و فرهنگی.
- ذکایی، محمدسعید. (1380). اخلاق شهروندی، رابطه هویت‌یابی جمعی و ارزشهای دیگرخواهانه. نامه انجمن جامعه‌شناسی ایران، 3 (5)، ص 61 – 63.
- رشیدی، حسن. (1387). بررسی رابطه عوامل اجتماعی با هویت جمعی (قومی، ملی و جهانی) در بین دانشجویان دانشگاه زاد اسلامی واحد مهاباد (پایاننامه کارشناسی ارشد) دانشگاه زاد اسلامی واحد تبریز.
- رمضانزاده، عبدالله. (1376). توسعه و چالشهای قومی، توسعه و امنیت عمومی. ج 2، تهران: همایش توسعه و امنیت عمومی.
- سن، مارتیا (1382). توسعه به مثابه آزادی. (ترجمهٔ وحید محمودی). تهران: دانشکده مدیریت دانشگاه تهران.
- شایگان، داریوش. (1384). افسونزدگی جدید: هویت چهل‌تکه و تفکر سیار (ترجمهٔ فاطمه ولیانی). چاپ چهارم، تهران: فرزان روز.
- شفیعی‌نیا، عباس و احمدی، یعقوب. (1397). فرایند تبعیض سیاسی اجتماعی و هویتخواهی قومی. فصلنامه علمی - پژوهشی علوم اجتماعی دانشگاه زاد اسلامی واحد شوشتر، 12 (2).

• صنیع اجلال، مریم (1384). درآمدی بر فرهنگ و هویت ایران. تهران: تمدن ایرانی. • طامه، مجید. (1396). برنامهٔ صبح به خیر ایران شبکه یک صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، 21 اسفند 1396.

• عبداللهی، محمد و حسین بر، محمدعثمان. (1381). گرایش دانشجویان بلوچ به هویت ملی در ایران. مجله جامعه‌شناسی ایران، 4 (4)، ص 101 – 126.

• علمداری، کاظم. (1383). چرا ایران عقب ماند و غرب پیش رفت؟ چاپ دهم، تهران: توسعه.

• غفاری غلامرضا و نیازی، محسن. (1386). جامعه‌شناسی مشارکت .تهران: نزدیک.

• فولر، گراهام. (1372). قبله عالم (ترجمهٔ عباس مخبر). تهران: مرکز.

• قوام، عبدالعلی (1379). چالشهای توسعه سیاسی. تهران: قومس.

• کاستلز، مانوئل. (1389). عصر اطلاعات: ظهور جامعه شبکه‌ای (ترجمهٔ احد علیقلیان و افشین خاکباز). تهران: طرح نو.

• کچوئیان، حسین. (1387). تطورات گفتمانهای هویتی در ایران .تهران: نی.

• کریمی مله، علی. (1388). آینده‌شناسی هویتهای جمعی تهران .تهران: مؤسسه مطالعات علمی.
• گیدنز، آنتونی. (1398). تجدد و تشخص (ترجمهٔ ناصر موفقیان). تهران: نی.

• ـــــ. (1385). جامعه‌شناسی (ترجمهٔ منوچهر صبوری). تهران: نی.

• ماهرویان، هوشنگ (1385). مدرنیته و بحران ما. چاپ دوم. تهران: اختران.

• مطهری، مرتضی. (1382). مجموعه یادداشتها. قم: صدرا.

• مظفری، آرزو. (1391). قومیت و امنیت اجتماعی؛ مطالعه موردی قوم بلوچ ساکن استان سیستان و بلوچستان. همایش ملی شهرهای مرزی و امنیت؛ چالشها و رهیافتها.

• هابرماس، یورگن. (1380). مدرنیته پروژه‌ای ناتمام، مدرنیته و مدرنیستم (ترجمهٔ حسینعلی نوذری). چاپ دوم، تهران: نقش‌جهان.

• همتی، مجتبی. (1386). حق‌های اقتصادی _ اجتماعی و نسبت آن با حقوق شهروندی در پرتو نظریه عدالت راولز. مجله حقوقی دادگستری، 58، ص 65 - 92.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Amirahmadi, Hoshang. (1987). A Theory of collective Movements and its Application to Iran. *Ethnic and Racial Studies*, 10(4).
- Ashcreft, B.; Griffths, G. & Tiffin H. (1998). *Key Concepts in post colonial studies*. London: Routledge.
- Brown, Graham K. & Arnim, Langer. (2010), Conceptualizing and Measuring Ethnicity. *Oxford Development Studies*, 38 (4).
- Brown, R. (1996). *Social Identity*) In A. Kuper and J. Kuper. The Social Science Encyclopedia, New York: Rouledge.
- Entman, R. & Rojecki, A. (2000). *The Black Image in the White Mind: Media and Race in America*. Chicago: Chicago University PressBarrington.
- Eriksen, Thomas H. (1993). *Ethincity and nationalisim*. London: Pluto press.
- Faulks. K. (2000). *Citizenship*. New York: Routedge

- Gosh, Biswajit. (2009). NGOs, Civil Society and Social Reconstruction in Contemporary India. *Journal of Developing Societies*, 25, p. 22.
- Graves, S. (1999). Television and Prejudice Reduction: When Does Television as a Vicarious Experience Make a Difference?. *In Journal of Social Issues*, 55 (4), p.707-725.
- Grossberg, Lawrence.)1996). Identity and Cultural StudiesIs That All There Is? (Stuart Hall and Paul Du Gay, eds).. *Questions of Cultural Identity*, London: Sage, pp. 87-107.
- Hall, S. 1997. The local and the global: Globalization and ethnicity. *Cultural Politics*, 11, 173–187.
- Hechter, M. (1975). *Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British Nional Development, 1536-1966*. London and Henley: Routledge & Kegan Paul.
- Jenkins, R. (1997). *Rethinking Ethnicity*. London: Sage.
- Kaufmann, Eric. (2015), Land, History or Modernization? Explaining Ethnic Fractionalization. *Ethnic and Racial Studies*, 38 (2), pp. 193-210.

- Oldfield. A. (1990). *Citizenship and Community: Civic Rebublicanism and the Modern World*. London: Routledge
- Olson, Eric T. (2002). Personal Identity, In *the Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Edward N. Zalta ed)..
- Olzak, Susan. (1985). Ethnicity and Theories of Ethnic Collective Bahavioue. Research in Social Movements. *Conflicts and Change*, 8, pp. 65-85.
- Sen, Amarty. (1983). Development: Which Way Now? *The Economic Journal*, 93 (372).
- Turner, Jonathan, H. (1998). *The Structure of sociological theory*. Sixth edition, Belmont: Hadsworth publication.